# دوای سەد ساڵ لە سیڤەر
## کورد لە کوێوە بۆ کوێ؟

نووسەران:
شێرکۆ کرمانج
ئارام ڕەفعەت
ئیبراهیم سادق مەلازادە
نەزەند بەگیخانی
سەردار عەزیز

٢٠٢٢

دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان

ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی
جەمیل رۆژبەیانی ٢٠٢٢
**زنجیرە:** (   )

بەڕێوەبەری دەزگا:
سیروان حەمەسەعید حەمەخورشید

Tel: 0533202936      07701549509
email: jamalerfan99@gmail.com
jamal erfan cultural foundation
www. jamalerfan.com

ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، بەرامبەر ماکسی مۆڵ

## بەشی پێنجەم

# مێژووی ژنان لە کوردستان و هەوڵێك بۆ نووسینەوەی مێژوو بە ڕوانینێکی جیاواز

نەزەند بەگیخانی

## پێشەکی

ئـەم ناونیشانە سـێ ڕوانـین و سـێ میتۆد لەخۆ دەگرێت. یەکەم: مێژووی ژن کە باسکردنە لە بارودۆخ و ڕۆڵی ئافرەت لە مێژووی سەد ساڵەی دوای پەیماننامەی سیڤەر. دووەم بریتییە لە هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەکانی ژنان لە مێژووی نوێی کورد دا. سێیەمیشیان بریتییە لە خوێندنەوەی مێژوو و لێکدانەوەیەکی تیۆری بە ڕوانینێکی فێمینیستانە. ئەم بەشە هەوڵدەدات ئەم سێ ڕوانینە تێکهەڵێش بکات و خوێندنەوەیەکی گشتی و هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە بۆ مێژووی ژنان و بزووتنەوە و ڕێکخراوەکان لە کوردستانی دوای پەیماننامەی سیڤەر ئەنجام بدات. دوای جێبەجێ نەکردنی بڕگەکانی تایبەت بە کورد لە پەیماننامەی سیڤەر و دواتر دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەت-نەتەوە، کورد نەک تەنها لە هەموو مافە سیاسی و کەلتورییەکانی بێبەش کرا، بەڵکو نکوڵیش لە بوونی کرا. لەو کاتەوە کوردستان وەک وڵاتێکی داگیرکراو و کوردیش وەک میللەتێکی کۆلۆنیزەکراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. جگە لە سنوورە جوگرافییەکانی نێوان پارچەکانی کوردستان، کۆمەڵێ سنووری بونیادیی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کەلتوری و ئابوری دروست بوون کە نەتەوەی کوردیان لێکترازاندووە و ستراتیجیی کوردیان پچڕپچڕ کردووە. ئەم لێکترازان و پچڕپچڕبوونە کاریان کردۆتە سەر بارودۆخی ئافرەت و بەهەمانشێوە بزووتنەوەکانی ژنانیشیان لە نێوان خۆیان دابەشکردووە.

لـەم بـەشـەدا هـەوڵـدەدەم بـاس لـەو بـارودۆخـانـە لە هەموو پارچەکانی کوردستان بکەم. بۆ ئەمەش پشت بە کۆمەڵێ سەرچاوەی مێژوویی و ئەدەبی دەبەستم. سەرچاوەکان، هەر لە ئەدەبیاتی زارەکی و دەقە کوردییەکان و گەشتنامەی ڕۆژهەڵاتناسانەوە

تا مانیفێستی حیزب و ڕێکخراوەکان، بە ڕوانینێکی ڕەخنەیی فێمینیستانە هەڵدەسەنگێنم. هەرچەندە سروشتی ئەم کتێبە و لەسەر داواکاریی ئامادەکاران، ئەوە هەڵناگرێ کە ناوی تەواوی سەرچاوەکان بهێنین، بەڵام بۆ ئەوەی نەکەوینە ناو هەڵەی مێتۆدۆلۆجییەوە، هەوڵم داوە ئاماژە بە سەرچاوە سەرەکییەکان بکەم. شایانی باسە، ئەم بەشە بە پشتبەستن بە چەند وتارێکم کە پێشتر چاپکراون یا لە کۆڕ و کۆنفرانس پێشکەشم کردوون، نووسراوە. هەروەها پشتم بەستووە بە نامەی دکتۆراکەم لە زانکۆی سۆربۆن کە تایبەت بوو بە «وێنای ژنی کورد لە ئەدەبیاتی ئەورووپی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا». ئەوەی گرنگە جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەوەیە کە ئێمە لێرە تەنها مێژوو بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆجی بەیان ناکەین، بەڵکو لە ڕوانگەی فێمینیستیی ڕەخنەگرانەوە دەیخوێنینەوە. لە ڕووی تیۆریشەوە، لە دوابەشی وتارەکەمدا لێکدانەوەیەکی تیۆریم کردووە کە بە ئاگاییانە و بە پێچەوانەی ڕەوتی باوی ئەکادیمییە، لە جیاتی سەرەتا لە کۆتایی دامناوە.

لە ڕووی زمانەوانییشەوە هەردوو وشەی ژن و ئافرەت بەکاردەهێنم و جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە بوونی هەردوو زاراوە بەشێکە لە دەوڵەمەندێتیی زمانی کوردی. ئەسڵی ئەم دوو وشەیەش هەرچییەک بێت، ئەفرۆدیت وەک خوداوەندی ئەڤین لە لای گریکەکان یا عەورەت بە واتا عەرەبییەکەی، ژنیش وەک سەرچاوە و ڕەگی ژین، ئەمڕۆ لە زمانی کوردی دا هەردوو زاراوە جێگەیان بۆتەوە و بە پێویستی دەزانم بۆ گوزارشکردن لە واقیعی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێن.

### ئافرەتی کوردستان پێش سەدەی بیست

بۆ ئەوەی باسی ژنانی کوردستان لە دوای پەیماننامەی سیڤەر بکەین، پێویستە کۆنتێکستوالیزەی بارودۆخەکە بکەین، بۆ ئەمەش دەبێت ئاوڕێک لە مێژووی پێش پەیماننامەکە بدەینەوە، بەتایبەتی سەردەمی عوسمانی و سەفەوی. ئایا ئافرەت لە کوردستان مێژوویەکی نووسراوی هەیە؟ ئەگەر بەڵێ، ئەم مێژووە چۆن تۆمارکراوە و لەسەر چ بنەمایەک نووسراوەتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هاوکاریمان دەکات لە داڕشتنی گوتارێکی ڕێژەیی و بابەتیانە دەربارەی ژیان و ڕۆڵی ژن لە مێژووی دوای پەیماننامەی سیڤەر.

ئەگەر کورد بەشێوەیەکی گشتی وەک نەتەوە مێژوویەکی تۆکمەی نووسراو و بەڵگەئامێزی نەبووبێ، مێژووی ژنانی کوردستان بە هەمانشێوە بەرهەمی خەیاڵ و ئەندێشە بووە، نەک بەرهەمی گەڕان و توێژینەوە و ڕاڤەکاری. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی توێژینەوەی ئەکادیمی و کەمیی سەرچاوە و تۆماری مێژوویی لەم بارەیەوە. لەوانەیە بێدەوڵەتیی و سیاسەتی زمانکوژی وەک دەرئەنجامێکی سیڤەر هۆکارێکی گەورەی ئەم هەژارییە بن، چونکە ئەوانی دیکەی باڵادەست یان نکوڵییان لە مێژووی کورد کردووە، یان لە دیدی خۆیانەوە مێژووەکەیان نووسیوە و خۆیان کردووە بە خاوەن گوتار و چەقی مەعریفی، واتە کورد خراوەتە دەرەوەی گوتاری مەعریفی. هەروەها لە نەبوونی دۆکیومێنت و نووسراوی مێژوویی و گوتاردا، کورد تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بەستووە بە بەیت و حیکایەتی زارەکی و فۆلکلۆری لەلایەک و ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسان لەلایەکی دیکە. مێژوونووسان لە هەردوو حاڵەتدا و بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسیدا ئافرەتی کوردیان وەک بوونەوەرێکی دەرەوەی

واقیع و نیشتەجێ لە کۆنتێکستێکی نامۆ هەڵسەنگاندووە. لەئەنجامدا، خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییان نەبووە نە بۆ مێژوو و نە بۆ ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسیش.

مێژوو هی ئەو کەسەیە کە دەینووسێتەوە، واتە هی دەسەڵاتدارە، چ وەک دەوڵەت، چ وەک نەتەوە و تاک و گروپی زاڵ. گومانی تێدا نییە کە چەقی دەسەڵاتیش پیاوە، لانیکەم تا ئێستا. کەواتە مێژوو بەرهەمی دەوڵەت و گوتار و ئەقڵیەتی پیاوسالارییە. ئەم لێکدانەوەیە بۆ هەموو جیهان ڕاستە و کوردستانیش دەگرێتەوە. لە ڕابردوودا تەنها پیاوان لە ڕێگای حوجرە و مەدرەسە و کڵێسا و سیناگۆگ و پەرستگاکانەوە دەستیان بە خوێندن و نووسین ڕاگەیشتووە و لەئەنجامدا بوون بە خاوەنی گوتار و مەعریفە. کایەی مەعریفە دەسەڵاتی زانین-ی بە چینی دەسەڵاتدار و پیاوان بەخشیوە کە لە بەرژەوەندی ئایین و سیاسەت بەکاریان هێناوە. ئایین بەرجەستەی پیاوسالاری دەکات و مەعریفە و دەسەڵاتیش بەهەمانشێوە شایان لە پیاوسالاری دەنێن و دروستی دەکەن و بەرهەمی دەهێننەوە. پیاوان وەک دەوڵەتانی زاڵ و داگیرکەری کوردستان مێژوویان بەپێی بیروباوەڕ و بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان و دەسەڵاتی ئایینی و سیاسی نووسیوەتەوە. مێژووی کورد هەڵگری تەواوی ئەم خەسڵەتانەیە. پاش دابەشبوونی کوردستان لە دوای شەڕی چاڵدێران لە ١٥١٤ بۆ سەر ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی و لە دوای پەیماننامەی لۆزانیش لە ١٩٢٣ بەسەر چوار دەوڵەت-نەتەوەدا، مێژووی کورد گوزارش بووە لە بیروباوەڕی دەوڵەت و نەتەوە زاڵ و سەردارەکانیان، کە لەسەر بنەمای گوتاری نەتەوەی باڵادەست و ئایینی و پیاوسالاری بنیاتنراون. لە ناوخۆی کوردستانیشدا، مێژوو بەرجەستەی بیروباوەڕ و گوتاری دەسەڵاتی دەرەبەگی و ئایینی و پیاوسالاریی کردووە.

یەکەم بەڵگەنامەی مێژوویی باوەڕپێکراو کە باسی ژنی کوردی کردبێ، شەرەفنامەیە، کتێبە بەناوبانگەکەی شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٤٣-١٥٩٩) کە لە کۆتایی سەدەی شازدە دا نووسیویەتی، جگە لە باسی فرەژنی و ڕەوشتبەرزیی ئافرەتان و تێکەڵنەبوونیان بە فەزای دەرەوە، کە ڕەنگدانەوەی نۆرم و کۆدی کۆمەڵایەتی و شەرەفن لە لای کورد، باس لە ژنانی حوکمڕانیش دەکات.[١] شەرەفخان باسی ئەو ژنانە دەکات کە دوای مەرگی هاوسەرەکانیان توانیویانە دەسەڵات بگرنە دەست و «پیاوانە» و وەک «شێر» حوکمڕانییان کردووە.

بێگومان نموونەی ئافرەتی حوکمڕان و شاسوار زۆرن لە مێژووی کوردی دا. خانزاد و حەلیمەخانمی هەکاری و قەرە فاتیمە و دواتر عادیلە خانم. ئەم ژنە ناودارانە لە جیهانێکی پیاوانە و خێڵەکیدا بە بڕیاری خانەوادە و عەشیرەت دەسەڵاتیان پێدراوە و بەشێوەیەکی خۆڕسک، نەریت و بیروباوەڕی ئایینیی و پیاوسالاریی سەردەمی خۆیان بەرجەستە کردووە. دەتوانین بڵێین ئەو ژنانە «پیاو» بوون بەڵام لە فۆڕمی ژندا. بۆ ئەوەی دانیان پێدابنرێت، دەبوایە خۆیان لە خاسیەتی ژنانە داماڵن و نۆرم و نەریتی کۆمەڵایەتیی پیاوسالاریی بەرجەستە بکەن. ئەو کەسایەتییانە هۆشیاریی ژنانەیان نەبووە و نەیانتوانیوە داوای مافی ئافرەتان بکەن، کە دیارە ئەوکات نەک هەر لە کوردستان نەبووە، بەڵکو لە جیهانیشدا شتێکی تازە بووە.

لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆریدا ژن ئامادەییەکی زۆری هەیە، بەڵام زیاتر وەک فەنتازیای پیاو وێناکراوە. ئەگەر لە هەندێ بەیت و گۆرانی فۆلکلۆری ئافرەت وەک بوونەوەرێکی عاشق و بوێر و پەیڤبێژ و جارجارەش فەرمانڕەوا وەسف بکرێت، ئەوە وەسفەکە لە ئاستی ئەو فانتازیابوونەدا بووە. لێرەدا ئافرەت وەک نادیار (ئۆبژێکت) ئامادەیی

١ بڕوانە شەرەفخانی بەدلیسی. شەرەفنامە، مێژووی ماڵەمیرانی کوردستان. وەرگێڕانی هەژار. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر. ٢٠٠٦.

هەیە، بەڵام ئێمە هەندێکجار گوماندەکەین لەوەی کە دانەری ئەم بەیتانە ژن بووبن. ئـەوەی بە ڕوونی دیـارە ئەوەیە کە ئافرەت لەبەردەم چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە و پیاواندا و لە کوردستانێکی ژێردەستەدا لە چوارچێوەی پەیوەندییە جێندەرییەکان و نۆرمە پیاوسالارییەکاندا وەک لەش و لار و جەستە بەرتەسک کراوەتەوە بۆ زەوقی پیاوان و دوورە لەوەی خودێکی ئازاد (سەبژێکت) بێت.

لە «مەم و زین»ی ئەحمەدی خانی دا (١٦٥٠–١٧٠٧) ژن هێنراوەتە ئاستێکی دیکە، وەک بوونەوەرێکی باڵا لە عەشقدا بەرجەستە دەبێ. دەتوانین بڵێین ئەو عەشقە سۆفیگەرییە، ژن وەک خوداوەندێک بە جووتبوون لەگەڵیدا، پیاو دەگەیەنێت بە ئاستێکی ئەفسووناوی و چێژ و ڕەزامەندییەکی وجودییانە. ئەم ڕوانینە بە ڕوونی لە وەسفی وردی ئاوێتەبوونی شەهوەتئامێزانەی خاتوو ستی و تاژدین لە یەکەم شەوی پێکگەیشتنیان ڕەنگی داوەتەوە.[٢] ئەم ڕوانین و وەسفە ورد و ئێستێتیکیەی ئەحمەدی خانی دەشێ وەک درێژکراوەی فەلسەفەی جەستە و سێکس و ئاوێتەبوونی خوداوەندییانەی سەردەمی مێزۆپۆتامیا بێت کە لە پێکگەیشتنی هەردوو خوداوەندی دوموزی و ئینانادا وێناکراوە و دواتر لە «سروودی سروودەکان» ی تەورات و ئەدەبیاتی عەرەبییش بە وردی ڕەنگی داوەتەوە.

لە سـەدەی نـۆزدەدا ژنێک دەرکـەوت، جیـاوازتر لـە هەموو ئەوانەی پێش خۆی و نوێخوازتر لەچاو سەردەمەکەی، لانیکەم تا ئەو ڕادەیەی ئێمە ئاگاداربین، ئەو ژنە ماهشەرەفخانی ناسراو بە مەستورەی ئەردەڵانی (١٨٠٥–١٨٤٧) بوو. مەستورەی ئەردەڵانی ژنێکی سەر بە چینی دەسەڵاتداری میرنشین بوو، ئەو دەسەڵاتە دەرفەتی بۆ ڕەخساندبوو بخوێنێت و ئاشنای دنیای مەعریفە و

٢ بڕوانە ئەحمەدی خانی. مەم و زین. ئامادەکردن و پەراوێز نووسین: هەژار. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر. ٢٠٠٦.

ئەدەب و مێژوو بێت. وەک ژنێکی ڕۆشنبیر، ئەو خانمە شیعری نووسیوە و ڕۆڵی لە تۆمارکردنی مێژووشدا بینیوە. بە ڕای زۆر نووسەر، مەستورەی ئەردەڵانی تاکە مێژوونووسی ژن بووە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا. من لەم بەشەدا ناتوانم شیعر و نووسینەکانی ماهشەرەفخان هەڵسەنگێنم، بەڵام سەرنجێکی خێرا ئەوەمان پێدەڵێ کە ئەو ژنە شاعیر و ڕۆشنبیرە لە بارودۆخی سیاسیی ئەوکاتدا ویستویەتی بەشێوازێکی جیا بژی و وەک ڕۆشنبیرێک جێگەی خۆی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بکاتەوە. بەڵام دیارە نوێخوازیی مەستورەی ئەردەڵانی لە چوارچێوەی ئەقڵیەتی پیاوسالاریی سەدەی نۆزدە و چینی میر و دەرەبەگدا لە ژێر فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆری فارس ماوەتەوە. ئەمەش لە شیعر و نووسینی مێژووییدا ڕەنگی داوەتەوە. لەناو کۆنتێکستی ئەوکاتیشدا نە هۆشیاریی سۆسیۆلۆژی و نە هۆشیاریی فێمینیستی لەو سەرزەمینە بوونیان هەبووە، بۆیە بواری بۆ نەڕەخساوە لە ڕوانگەیەکی ژنانەوە (ناڵێم فێمینیستانە، چونکە هەروەکو پێشتر گوتم، ئەوکات فێمینیزم نە وەک چەمک و نە وەک بزووتنەوە سەریهەڵنەدابوو) نووسینەکانی دابڕێژێ و کۆمەڵگە هەڵسەنگێنێ و مێژوو بنووسێتەوە. سەرەڕای ئەمانەش، ئەو خانمە بۆ سەردەمەکەی خۆی ڕچەشکێن بووە بەوەی وەک ئافرەتێک لە دنیای پیاواندا بەرەنگاری تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵایەتی بۆتەوە. بەڵام لە هەڵسەنگاندنی مێژووی کورد و ستایشی ژنانی کورد دا، ئەو تەنگوچەڵەمانە کەم قسەیان لەسەر کراوە. لە برگەی لێکدانەوەی تیۆریی ئەم بەشەدا، هەوڵدەدەم ئەم لایەنە شیبکەمەوە.

بوونی مەستورەی ئەردەڵانی وەک ژنێکی شاعیر و ڕۆشنبیر لە مێژووی کوردی دا زۆر گرنگە، بەڵام دواتر لە فەزای پیاوسالاریی و کۆلۆنیزەکراوی کوردی دا نە خۆی و نە نووسینەکانی نەیانتوانیوە

پانتاییەکی فراوانی کەلتوریی داگیربکەن کە لە گوتاری مەعریفیدا ڕەنگ بدەنەوە. بۆیە خۆی و نووسینەکانیشی هەر لە ئاستی ستایش و شانازی پێوەکردن ماونەتەوە. پیاوی کوردیش لەبەرئەوەی ئازاد نییە، ئەوەندەی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی گوتاری عەرەبی و فارسی لە لایەک و گوتار و ئەندێشەئامێزی ڕۆژهەڵاتناسان لە لایەکی دیکە، ئەوەندە ئاوڕی لە گوتار و بەرهەمی فیکریی ئافرەتانی کوردستان و واقیعی سەختی ژنان نەداوەتەوە. بۆیە لەو پەیوەندەدا، پیاوانی مێژوونووس/ڕۆشنبیر دەقی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسییان بەبێ لێکدانەوەی قووڵ و ڕاڤەکارانە وەک دەقی مێژوویی وەرگرتووە.[٣] لەم هەوڵەیاندا، سەرەڕای ستایش و پیاهەڵدانی پڕ موبالەغە و سادەگۆیی، نەیانتوانیوە بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەوە ئەو دەقانە هەڵسەنگێنن و لە کۆنتێکستی کۆڵۆنیالیەوە لێی بڕوانن، بۆیە وەک مێژوو مامەڵەیان لەگەڵ کردووە. پرسیارێک کە پێویستە لێرەدا بکرێ ئەوەیە، ئایا ژنی کورد لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسیدا چۆن وێناکراوە؟ ئایا ئەو وێناکردنە گوزارش لە واقیعی کۆمەڵایەتیی کوردستان و بارودۆخی ژنان دەکات؟

## وێنای ژنی کورد لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسیدا

مێژوو واتە نووسینەوەی ڕاڤەکاریی واقیع. ئەگەر ئەوەی وەک مێژوو ناسراوە گوزارش لە واقیع نەکات، کەواتە بەرهەمی خەیاڵ و ئەندێشەیە. ئافرەتی کورد لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسیدا ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە. بەڵام وێنای ئەو چەندە بارگاوییە بە خەیاڵ و ئەندێشە بەهەمان ئەندازە ئاڵۆز و کێشەئامێزە و بەئەفسانەیی کراوە. ئەم لێکدانەوەیە وێنای هەموو کورد لەو ئەدەبیاتە دەگرێتەوە،

---

٣ بڕوانە کەمال مەزهەر ئەحمەد. ئافرەت لە مێژوودا: کورتە باسێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بەغدا. ١٩٨١.

چونکە ڕاستە لە سەدەکانی ڕابردوودا، ژمارەیەکی زۆر ئەو گەڕیدە ڕۆژئاواییانەی گەشتیان بۆ ڕۆژهەڵات کردووە، بە کوردستانیش تێپەڕیون، بەڵام جگە لە دیپلۆماتکاری بەریتانی کلۆدیۆس جێمس ڕیچ (١٧٨٧–١٨٢١) و فەڕەنسی هێنری بەندەر، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، هیچ کام لەو گەڕیدانەی لەسەر کۆمەڵگەی کوردییان نووسیوە بەمەبەستی گەشت و مانەوە و لێکۆڵینەوە لە کورد و کوردستان نەهاتوونەتە ئەو ناوچەیە. زۆربەی گەڕیدەکان بە کوردستان دا گوزەریان کردووە وەک پانتاییەکی جوگرافیی گرنگ لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی/قاجاری دا. بۆیە دەتوانین بڵێین خاکی کوردان بۆ ئەو گەڕیدانە وەک وێستگەیەکی حەوانەوە یا ڕاگوزەر بووە لە گەشتە دوور و درێژەکانیاندا. لەبەرئەوە، سەرەڕای کۆنیی پەیوەندیی نێوان کوردستان و ڕۆژئاوا، کە مێژوونووسان دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی زێنۆفۆن ( نزیکەی چوار سەد ساڵ پێش زایینی)، ناوی کوردستان لە ناونیشانی گەشتنامە ڕۆژئاواییەکان درەنگ دەردەکەوێ. لە ڕاستیدا ناوی کوردستان لە ساڵی ١٨١٨ دا لە دوو کتێبی ئیتاڵی و ئینگلیزی لەلایەن جۆن ماکدۆنالد کینێر (١٧٨٢–١٨٣٠)[٤] و گیزێپە کەمپانیلە (١٧٦٢–١٨٣٥)[٥] دا دەردەکەوێت، بەڵام باس و وەسفی ئافرەتانی کوردستان لەوە کۆنترە.

ڕۆژهەڵاتناسان کاتێ بە ناوچە کوردنشینەکاندا تێپەڕیون، لە کەناری شار و لە لادێکاندا ژنی کوردیان بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ و بێ عەبا و بە ڕوخساری دانەپۆشراوەوە بینیوە. ئەم دیمەنە ئینتیباعێکی لا دروست کردوون کە پێچەوانەی ژنانی تورک و

---

4 Kinneir, J. M (1818). Narrative of Travels in Asia Minor, Armenia, and Kurdistan in 1813–14, with Remarks on the Marches of Alexander the Great and of the Ten Thousand Greeks (London.

5 Campanille, G (1818). Storia della regione del Kurdistan e delle sette di religione ivi esistenti del p.m. Napoli

عەرەب و فارس بووە. لە خەیاڵی ئەو گەڕیدانەدا ژن لە ڕۆژهەڵاتی «داپۆشراو»دا لە ژێر پەچە و عەبا و حیجاب شاردراوەتەوە، بۆیە کە ژنانی جلوبەرگ ڕەنگاوڕەنگ و بێ سەرپۆش دەبینن لە دەشت و لادێکانی کوردستان، سەرسام دەبن. ''ئافرەتی کورد ئازادترن لە ئافرەتی دراوسێکانیان''،[6] ئەم ڕستەیە لە زۆربەی گەشتنامەکانی ڕۆژهەڵاتناسان بەدی دەکرێت و ڕوانینەکەش بە پلەی یەکەم لە نەبوونی حیجاب و ڕوخساری دانەپۆشراوی ژنی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە.

لە پاڵ ئەم وێنەیە، وێنایەکی دیکەی ئافرەتانی کوردستان خراوەتەڕوو، ئەویش خەسڵەتی شەڕڤانیی و جەنگاوەریی ژنانی کوردە. لامارتین ئافرەتی کورد وەک «ئەمازۆن/شەڕڤان» وەسف دەکات، ڕۆژنامەی ئیلوسترەیتد لەندەن نیوز هاوتا لەگەڵ بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی شاسوار قەرە فاتیمە (١٨٢٠–١٨٦٥)، لە ٢٢ ی نیسانی ١٨٥٤ دا، ئەو خانمە کوردە وەک «شازادە و پەیامبەر»ی کوردان ناودەبات.[7] لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و گواستنەوەی زانیاری لە دەقێکی ڕۆژهەڵاتناسییەوە بۆ یەکێکی دیکە (دەقاودەقبوون/ئینتەرتێکسچوالیتی)، ئەم ڕوانینە لە خەیاڵی ئەوروپییەکاندا خۆی دەسەپێنێت و شێوازێکی زاڵ و تاڕادەیەک ئەفسانەیی وەردەگرێت. هەر ئەم خەیاڵەشە کە دواتر ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دروستکردنی وێنایەکی ئەرێنی و پرسیارکەر و کێشەئامێز بۆ سەرجەم ئافرەتانی کوردستان.

ئەگەر بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە و بە پشتبەستن بە تیۆری میشێل فوکۆ و دواتر ئێدوارد سەعید ئەمە هەڵسەنگێنین، ئەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تێبینی و سەرنجەکانی ڕۆژهەڵاتناسان هەرچەندە

---

6 Begikhani N. (1997). Op. cit.

7 The Illustrated London News, April 22, 1854.

گوزارش لەلایەنێکی بچووکی ژیانی ئافرەتی کوردستان دەکەن، بەڵام سادەگۆ و سەرەڕۆن و پابەند نین بە سەرنج و لێکۆڵینەوەی بەڵگەئامێز و زانستییەوە. ئەم بیروبۆچوونە کە دواتر پیاوی کورد وەک مێژووی ژنی کورد شانازی پێوەکردووە، پشتبەستووە بە ئایدیۆلۆژیای کۆلۆنیالی ڕۆژئاوا کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا بە توندی گەشەدەکات. ئایدیۆلۆژیایەک کە بە پلەی یەکەم لەسەر بنچینەی بەربەرەکانیکردنی دەسەڵاتی ئایینی ئیسلام و هەردوو ئیمپراتۆری عوسمانی و فارسی کە ئیسلامیان بەرجەستەکردووە، هەڵچنراوە. سەرپۆش کە لە سەردەمێکی زۆر زووەوە لە ڕۆژهەڵاتی کۆندا هەبووە و دەربڕی هەندێ واتای کۆمەڵایەتی و جۆرێک لە سیحر و ئەفسانەش بووە، لە لای ڕۆژهەڵاتناسان بەرزکراوەتەوە بۆ ئاستی ئایدیۆلۆژیا و واتایەکی ئایینی/سیاسی پێبەخشراوە و وەک چەکێکیش بەکارهێنراوە بۆ نزمکردنەوەی «ئەوی دیکە»ی ڕۆژهەڵاتیی و بەرزڕاگرتنی «خود»ی ڕۆژئاوایی. لەسەر ئەم بنەمایە و بە سەرنجێکی خێرا و چاوپیاخشاندنێکی سادە و سەرەڕۆ، ژنی کورد بەراوردکراوە و بەرزکراوەتەوە بۆ ئاستی ئایدیال و «ئازادتر» لە ژنانی دراوسێ. ئەم وێناکردنە لە سەدەی بیستدا ڕەهەندێکی مێژوویی وەردەگرێت و لە خەیاڵی ڕۆژئاوای زاڵەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو خەیاڵی کوردی ژێردەستە و وەک ئامرازێکی هەڵسەنگاندن و ئەفسانەیی ژنی کورد بەکاردەهێنرێت. تا ئەمڕۆش ئەم گوتارە لەلایەن سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر و بەشێک لە فێمینیستانی کورد بۆ هەمان مەبەست و بەدەر لە تێڕامانێکی ڕەخنەیی بەکاردەهێنرێت.

ئێمە لێرەدا نکوڵیمان لەم وێناکردن و وەسفە نییە و مایەی تێڕامانیشە. بەڵام ئایا ئەم گوتارە تاکڕەهەندە ڕەنگدانەوەی واقیعی ئاڵۆز و سەختی کورد و ژنانی ستەمدیدەی کوردستانە؟ ئایا دەتوانین باسی کورد بکەین وەک مرۆڤێکی ئازاد و سەربەخۆ؟

ئایا دەتوانین باسی ژنی کورد بکەین وەک تاک یا پێویستە وەک کۆ و فرەڕەهەند و هەمەجۆر لە نزیکەوە بیانخوێنینەوە؟ ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکن دەبێ بکرێن و وەڵامدانەوەشیان پێویستی بە لێکدانەوە و شرۆڤەکاری زیاتر هەیە لەو دیدە سەرپێییەی ڕۆژهەڵاتناسەکان.

گوتاری ڕۆژهەڵاتناسیی جگە لەوەی گوزارش لە ئایدیۆلۆژیای زاڵی ڕۆژئاوا و پیاوی ڕۆژئاوایی دەکات، بەهەمانشێوەش، بەرجەستەی ژێردەستەیی کورد لە لایەک و دەسەڵاتی پیاوسالاریش لە لایەکی دیکە دەکات. زۆربەی گەڕیدە ڕۆژئاواییەکان، کورد بە «خێڵەکی» و «چەتە» و «ڕێگر» ناوزەد دەکەن. جگە لە سەرنجی سەرپێیی خۆیان کاتێ بە کوردستاندا تێپەڕیون، ئەوە زۆربەیان ئایدیۆلۆژیای زاڵی ڕۆژئاوا و دواتر ڕوانینی پیاوانەی خۆیان بەرجەستە دەکەن. هەندێکیان، بۆ نموونە کلۆدیۆس جێمس ڕیچ و ئەلیکسەندەر ژابا کە زیاتر تێکەڵی کۆمەڵگەی کوردی بوون، بەڵام لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵ پیاوانی کورد، لە وەسفی ڕەوشت و ئاکاری ژنی کورد پشتیان بە گوتەی ئەو پیاوە کوردانە بەستووە. بۆ نموونە، کلۆدیۆس جێمس ڕیچ بە پشتبەستن بە وتەی بەگێکی کوردی سەدەی نۆزدە بەناوی فەیزوڵلا ئەفەندی، باس لە کەسایەتی و ڕەوشتبەرزیی ژنی کورد دەکات و گرێی دەداتەوە بە پرسی کچێنی و مەسەلەی ناموسەوە.[٨] لێرە نۆرمە جێندەرییەکان و بیروباوەڕی کۆن و پابەند بە چەمکی شـەرەف لەسەر بنەمای جەستە و سێکچوالیتیی ژن شایانیان لێنراوە، نەک کەسایەتیی و ژیانی ڕاستەقینە و ڕۆڵی سەختی ژن

8 Claudius J. R (1836). Narrative of a Residence in Koordistan, and on the Site of Ancient Nineveh With Journal of a Voyage down the Tigris to Bagdad and an Account of a Visit to Shirauz and Persepolis. Republished by Cambridge University Press in 2014.

لە کۆمەڵگە. ئەم ڕوانینە دواتر بەشێوەیەکی فراوانتر لەلایەن مەلا مەحمودی بایەزیدییەوە (١٧٩٧–١٨٥٩) بایەخی پێدەدرێ و لە کتێبی «عادات و ڕسوماتنامەی اکرادیە (داب و نەریتی کورد)، کە لە ١٩٦٣ لەلایەن ڕۆدنکۆوە لە مۆسکۆ چاپدەکرێت، دەگوازرێتەوە بۆ سەر زمانی کوردناسانی ڕووس. ئەمە جێگەی سەرنج و تێڕامانە، ئایا تا چەند پیاوێکی کوردی دەرەبەگ و دەرچووی حوجرە و سەر بە بیروباوەڕی ئایینی توانیویەتی گوزارش لە سەختیی ژیان و واقیعی ژنی کورد بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت و لێرەدا ناچینە ناو ئەم باسەوە. بەڵام گرنگیدانی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسان بە ڕەوشتبەرزیی و داوێنپاکیی ژنی کورد ئەوەندەی گوزارش لە گرنگیی شەرەف و بەستنەوەی بە ڕەوشت و سێکچوالیتیی ژنەوە دەکات، ئەوەندەی گوزارش لە بۆچوونی پیاو و کۆمەڵگەی پیاوسالاری دەکات، ئەوەندە باس لە کەسایەتی و سەختیی ژیان و کێشە هەمەجۆرەکانی ئافرەتانی کوردستان ناکات.

هەروەک گوتمان، جگە لەم خاسیەتەی ئافرەتی کوردستان لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسیدا، خاسیەتێکی دیکە لە خەیاڵی گشتیی ڕۆژئـاوا خـۆی نیشـاندەدا، ئـەویش وێنـەی «جـەنگـاوەریـی» و «قارەمانیی» ژنە لە کوردستان. ئەم وێناکردنە ئەگەر تا سەدەی نۆزدە بە خەیاڵ بەرجەستە بووبێ، ئـەوە لە سـەدەی نـۆزدە لە ئەستەمبوڵەوە وێنەی قەرە فاتیمە کە سەرۆک خێڵ بووە لە مەرەش، وەک ژنە جەنگاوەرێک لەسەر ئەسپەکەی وێنەی لە ئیلیوسترەیتید لەندەن نیوز بڵاودەکرێتەوە و وەک «شازادە و پەیامبەر»ی کوردان وەسفدەکرێت. دواتر هاوشان لەگەڵ ئەو وێنایەی ژنانی کورد وەک جەنگاوەر و سەردار خێڵ و عەشیرەت، عادیلە خانم (١٨٤٧–١٩٢٤) لە خەیاڵی ئینگلیز وەک شاژنی بێ تاج و فەرمانڕەوای لێهاتوو خۆی دەسەپێنێت.

عادیله خانم له سەرەتای سەدەی بیست و پێش پەیماننامەی سیڤەر له ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسیدا گرنگی پێدەدرێت. ئینگلیزەکان دوای داگیرکردنی ئەو بەشەی کوردستان، وەک سەرۆکی خێڵی جاف و ژنێکی حاکم و کارگێر، کە دوای مەرگی هاوسەرەکەی سەرۆکایەتیی خێڵی جاف و هەڵەبجە دەکات، ڕێزی لێدەنێن. ئەفسەرە ئینگلیزەکان زۆر سەرسام دەبن بەو خانمە فەرمانڕەوایە. ئێدمۆنس و هاوسەرەکەی له پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و دیپلۆماسیدا بوون لەگەڵ عادیله خانم و نازناوی «شاژنی بێ تاج»یش لەلایەن ئەوەوە بەو خانمە دەدرێت.[٩]

**پەیماننامەی سیڤەر و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی**

**١. ناسیونالیزم و ژن له سەرەتای سەدەی بیستەوە**

سیڤەر نەبووە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، له ئاکامدا کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی له نێوان سێ دەوڵەت-نەتەوە دا دابەشکرا. له هەموو ئەم بەشانەدا کوردەکان بەرەنگاری سیاسەتی نەتەوەپەرستی و پاکتاوی نەژادی و نەتەوەیی بوونەتەوە و ناچار بە ڕاپەڕین و بەرخودان و خەباتی چەکداری کراون. له کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ژێر دەسەڵاتی ئێران، جگە له پاکتاوی نەتەوەیی، کوردەکان بەرەوڕووی جیاکاریی مەزهەبییش بوونەتەوە. بۆیە ئافرەتی کورد سەرەڕای چەوساندنەوەی لەناو کۆمەڵگە و خێزاندا، ڕووبەڕووی چەوساندنەوەی دەوڵەتیی و ئاکامەکانی شەڕی چەکدارییش لەپێناو ڕزگاریی نەتەوەیی بۆتەوە. هەروەک له بڕگەی پێشوودا باسم کرد، جێبەجێ نەکردنی پەیماننامەی سیڤەر و دابەشکردنی کوردستان بوونە هۆی ڕووداو و کارەساتی کوشندە

---

9 Edmonds C. J (1957). Kurds, Turks and Arabs: politics, travel and research in north-eastern Iraq, 1919–1925. xiii, London: Oxford University Press.

تا ئاستی کۆمەڵکوژی و جینۆساید. لەوکاتەوە هۆشیاریی کوردی و نەتەوەیی بەشێوازێکی دیکە گەشەی سەند و ژنانی کورد هاوشێوەی پیاوان هۆشیار بوونەوە و کەوتنە خۆڕێکخستن و خەبات. ئەم خۆڕێکخستن و خەباتە ئەگەرچی بێ ستراتیجێکی یەکگرتوو بووە، لێرە وەک بزووتنەوەی ژنانی کوردستان ناوی دەبەین، کە بەشێکی دانەبڕاوە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و خەباتی حیزبەکانی کوردستان بە خاسیەتە خێڵەکیی و ئایدیۆلۆژیا جیاجیاکانەوە. لەم بڕگەیەدا، بە کورتی باسی ناسیونالیزم و بزووتنەوەکانی ئافرەتانی کوردستان دەکەین.

سەرەڕای هەندێ کاریگەریی نوێخوازانە لە تورکیا و ئێران، کۆمەڵگەی کوردی هەلی بۆ نەڕەخساوە وەک پێویست بچێتە پێشەوە. بەشێک لە هەوڵی دەسەڵاتدارانی داگیرکەریش لە پاکتاوی نەژادیی و نەتەوەیی، بریتی بووە لە هێشتنەوەی بونیادە خێڵەکی و عەشایرییەکان و دابڕانی کۆمەڵگەی کوردی لە دامەزراوە فێرخوازی و پەروەردەییەکان، بەتایبەتی بە زمانی دایک. ئەمانە بوونەتە هۆی مانەوەی نەریتی باوی کۆمەڵایەتیی و نۆرمە جێندەرییەکانی دژ بە مافی مرۆڤ و پێگەی ئافرەت بەڕادەیەک کە زۆرجار کورد وەک ڕەسەنایەتی و شوناسی خۆی مامەڵەی لەگەڵ کردوون. جگە لەمەش، شۆڕشی ١٩٧٩ ی ئێران و سیستەمی کۆماریی ئیسلامی بوونە هۆی سەرهەڵدان و پێشخستنی کەش و بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە، بە کوردستانیشەوە. ئەمانە و جەنگە یەک لە دوای یەکەکان و خەباتی چەکدارییش هەمووی ڕۆڵیان هەبووە لەوەی کۆمەڵگەی کوردی نەک هەر وەک پێویست گەشەنەکات، بەڵکو لەناو بازنەی جەنگ و پێکدادانی چەکداریدا بخولێتەوە و توندوتیژی نەک هەر بەردەوام بێت، بەڵکو نۆرماڵیزە بکرێت و بەردەوام بەرهەم بهێنرێتەوە.

لەم سۆنگەیەوە، کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و باشوری کوردستان بەتایبەتی، تا سەرەتای سەدەی بیست و یەک، بە داخراوی و خێڵەکی ماوەتەوە، خۆی بە داب و نەریتەوە هەڵواسیوە و وەک ناسنامەی نەتەوەیی پارێزگاریی لێ کردون. ئەم بارودۆخە بۆتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی پیاوسالاریی زیاتر گەشەبکات. لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییەی هێز و دەسەڵاتدا، ئافرەت لە کوردستان تەنها لە ڕووی سیاسی و نەتەوەییەوە نەچەوساوەتەوە، بەڵکو لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە وەک چەوساوەی دەستی چەوساوان، یا کۆیلەی کۆیلەکان مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. ئەگەر ژنان و پیاوان کۆیلەی دەوڵەتانی باڵادەست و زاڵ بن، ئەوە ژنان بەئیزافەی ئەمە لە چوارچێوەی سیستەمی پیاوسالاریدا دیلی پیاوانیشن.

سەرەڕای زاڵبوونی سیستەمی پیاوسالاریی و ژێردەستەیی ژنان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئافرەتانی کوردستان خەباتیان کردووە بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و لایەنگریی بزووتنەوە سیاسی و نەتەوەییەکانی کوردستانیان کردووە، کە پیاو چەق و بکەریان بوون. ئەگەر ئەو ڕێکخراوانەی لە شێوەی حیزب و ئۆرگانی سیاسی لە دوای دابەشکردنی کوردستان سەریان هەڵداوە وەک بزووتنەوەی ناسیونالیستیی کوردی ناوزەد بکەین، ئەوە دەبێت بڵێین، ئافرەتان ڕزگاریی خۆیان لە بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکاندا بینیوە، بۆیە لەناو ئەو ئۆرگان و حیزبانەدا بۆ ڕزگاریی سیاسی و نەتەوەیی خەباتیان کردووە. مەترسی سەرەکیی ئەم ڕەوتەش ئەوە بووە کە ژنان، بە هەمانشێوەی حیزبە سیاسییەکان، ستراتیجێکی هاوبەشیان نەبووە، شەرعیەتی دابەشبوون و توندوتیژیی خێڵەکی و چەکدارییان بەرهەمهێناوەتەوە.

پێش ئەوەی درێژە بەو ڕەهەندە بدەم، بە پێویستی دەزانم بە کورتی و واقیعبینانە باس لە بارودۆخی ژنانی کوردستان بکەم.

**بارودۆخی ئافرەت لە کوردستان بە ڕوانینێکی واقیعییانە**

ڕاستە، هەروەک مارتن ڤان برۆنسن دەڵێ، ژنانی کورد سەرەڕای بارودۆخی پیاوسالاری، توانیویانە بگەنە دەسەڵات،[10] بەڵام ئەمە بە تەنها گوزارش لە واقیعی سەختی ژنان و ستەم و چەوساندنەوەیان ناکات. هەروەها هەروەک لە بڕگەی پێشوو باسم کرد، گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی کە ئاڵۆز و بارگاوییە بە بیروباوەڕی کۆڵۆنیالی و ئایدیۆلۆژیای زاڵی ڕۆژئاوا، لەسەر بنچینەی بیر و لێکدانەوەی بەڵگەئامێز و توێژینەوە دروست نەبووە. بۆیە ناتوانین وەک بەڵگەی مێژوویی بەکاریان بهێنین، چونکە بەکارهێنانی نەک هەر نامۆبوونە بە واقیع و بەرهەمهێنەرەوەی ڕەهەندی قوربانیبوونە وەک کورد و وەک ئافرەت، بەڵکو سستیی ڕاڤەکاری و لێکدانەوەی سۆسیۆلۆجیی و نەبوونی مێتۆد و گوتاری زانستیی ڕۆشنبیری کوردیش دەگەیەنێ. ئەگەر گوتاری ڕۆژهەڵاتناسیی بارگاوی بێت بە ئایدیۆلۆژیای کۆڵۆنیالییەوە، ئەوە دەتوانین بڵێین نەبوونی مێتۆدی تایبەت و نەبوونی گوتاری زانستی/ئەکادیمی کوردی بەشێکە لە سەرەنجامەکانی داگیرکاریی و ژێردەستەیی و چەوسانەوەی نەتەوەیی. لە هەموو حاڵەتێکدا، هەر مێژوویەک لەسەر ئەم جۆرە بنەمایانە هەڵچنرابێ، دەبێ بخرێتە ژێر پرسیارەوە، هەڵبوەشێنرێتەوە و بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەوە دووبارە دابڕێژرێتەوە. لەم کۆنتێکستە ئاڵۆز و دژوارەدا، بە ڕای زۆر کۆمەڵناس و مێژوونووس، باشترین مێتۆد بۆ نووسینەوەی مێژووی ژنان گێڕانەوەی سەرگوزەشتە و ڕووداوەکانە لە زاری خۆیانەوە هاوتا لەگەڵ کۆنسێپتوالیزەکردنی

10 Brunissen, M. (Fall 1993). “Matriarchy in Kurdistan? Women Rulers in Kurdish History”. The International Journal of Kurdish Studies. 6. Also, (2001) From Adela Khanun to Leyla Zana: Women as Political Leaders in Kurdish History. In Shahrzad Mojab (ed.), Women of a Non-State Nation: The Kurds. Costa Mesa. CA: Mazda Publishers. pp. 95-112.

ئەو ئەزموونە. ئەمە ئەوەش پشتڕاست دەکاتەوە کە بەهۆی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و سیاسیی دەوڵەتانی داگیرکەر، کورد بەگشتی و ژنانی کورد بەتایبەتی دەرفەتی خوێندن و نووسینیان نەبووە، بۆیە لە ڕێگای گێڕانەوە و چیرۆکی زارەکییەوە توانیویانە گوزارش لە خۆیان و ئەزموونەکانیان بکەن کە کەمتر کۆنسێپتوالیزە کراون.

بۆ کەس جێگای گومان نییە کە ژیانی واقیعیی ئافرەت لە کوردستان زۆر سەختە و ڕەگاژووی ناو ئەقڵیەتی داگیرکاریی و ئایدیۆلۆژیای زاڵی ناسیونالیستی عەرەب و تورک و فارس و بیروباوەڕی پیاوسالارییە. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکە، ئەو ژنانەی گەیشتوونەتە دەسەڵات، زیاتر هاوسەر یا کچ و خوشکی سەرۆک خێڵ و عەشیرەت و شێخ و ئاغا و بەگ بوون. ئەمەش لە دوو ڕووەوە کێشەئامێزە: یەکەم، بەرهەمهێنەرەوەی سیستەمی چەوسانەوە و دەرەبەگایەتییە کە لە ناوەوە درێژە بە نەریتی باو و بەها و کردە پیاوسالارییەکانی کورد خۆیی و ئەقڵیەتی دەسەڵاتە داگیرکارییەکانیش دەدات. دووەم، برەو بە جیاوازیی چینایەتی و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی دەدات، چونکە ئافرەتی سەر بە چینی ڕەعیەت لە بەشەکانی پێشوو بە ڕەعیەت هاتووە. و جووتیار و وەرزێر و هەژار لەو سەردەمەدا نەک هەر دەرفەتیان بۆ نەڕەخساوە بخوێنن و بە ناوەندی دەسەڵات و شوێنی بڕیاردان بگەن، بەڵکو لە کایەی کەلتوری و گوتاری مەعریفیش وەدەرنراون و گوێیان لێ نەگیراوە. ئەمانە هەمووی ڕێگرن لەبەردەم گەیشتن بە مافە گەردوونییەکانی مرۆڤ وەک کورد و وەک ئافرەت و وەک کەسی کامڵ و ئازاد.

ژنانی کورد بە درێژایی سەدەی بیست و بەتایبەتیش دوای پەیماننامەی سیڤەر، بەرەوڕووی هەموو جۆرە چەوسانەوە و ستەمێکی سیاسی و نەتەوەیی بوونەتەوە و قوربانیی سەرەکیی

جەنگ و جینۆساید بوون کە لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە پیادەکراوە. سەرەڕای ئەمانە، ژنان لەناو بزووتنەوەی چەکداریی و نەتەوەیی کوردیشدا بەرەوڕووی جیاکاری و چەوساندنەوە بوونەتەوە. ئەگەرچی خەباتی نەتەوەیی کوردی دژی دەوڵەتانی داگیرکەر جێگای ستایش و شانازییە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو خەباتە لەلایەکەوە چەکداری بووە و توندوتیژی بەرجەستە کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە بە بیروباوەڕی پیاوسالاری بەڕێوەچووە، ئەوە ئافرەتی کورد نەک هەر پەراوێز خراوە، بەڵکو قوربانیی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانیش بووە.

لە کوردستانی باشور، لە ژێر ڕکێفی زیاتر لە ٤٠ ساڵ ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس، کۆمەڵگەی کوردی هەموو جۆرە ستەم و چەوساندنەوەیەکی چەشتووە: هەر لە تێکدان و وێرانکردنی چوار هەزار گوند و دەیان شارۆچکەی کوردستان، ڕاگوێزانی بەکۆمەڵ و نیشتەجێکردنی بەزۆری خەڵک لەناو ئۆردوگا زۆرەملێکان و ئاوارەبوونی سەدان هەزار کەس و زیندانیکردن و زیندەبەچاڵکردنی خەڵکی سیڤیل و بۆردومانی کیمیایی بگرە تا جینۆساید و ئەنفال. ئەمانە بوونە هۆکاری تێکدانی بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابوریی کوردی. ژنانی کورد باجی گەورەی ئەم سیاسەتەیان داوە و بەرەوڕووی توندوتیژیی سێکسی و لاقەکردن و زیندەبەگۆڕکردن و ئاوارەیی و بێوەژنکۆشی و هەژاری بوونەتەوە. نموونەی دیاریش زیاتر لە پەنجا هەزار بێوەژن و کچ و ئافرەتانی ئەنفال و بارزان بوون کە تا ئێستاش چارەنووسی هاوژین و کوڕ و برای زۆربەیان دیار نییە و زۆربەیان لە چاوەڕوانییەکی ئەبەدی و بارێکی دەروونی خراپ و نەبوونی ستاتویەکی یاسایی گونجاودا ئەزموونی ژیانێکی پڕمەینەت دەکەن و لە زۆر دەرفەتی وەک چارەسەرکردن و پەروەردە و پێگەیشتن و کار و سەرفرازی بێبەش کراون.

لە کوردستانی باکور و لە ژێر ڕکێفی سیاسەتی عەسکەرتاریەتی ئەتاتورک  و جێگرەوەکانیدا، لە سەد ساڵی ڕابردوودا، کۆمەڵگەی کوردی لە تورکیا سەرەڕای چەوساندنەوەی سیاسی-نەتەوەیی، بەرەوڕووی جینۆسایدی کەلتوری و شوناسیش بوونەتەوە. کورد بە شێوەیەکی سیستەماتیکی لە ناسنامە و زمان و کەلتوری خۆیان داماڵراون و سیاسەتی مێشک شووشتنەوە و نکوڵیکردن و لەناوبردنیان بەسەردا سەپێندراوە. بزووتنەوە کوردییەکانیش، هەر لە ساڵی ١٩٢٥ـەوە، وەک ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران لەناو خوێن و کۆمەڵکوژی کۆتاییان پێهێنراوە. ئەم سیاسەتە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی ئافرەتان داناوە، سەرەڕای کۆمەڵکوژی و زیندانیکردن و ئەشکەنجە و لاقەکردن، سەدان هەزار ژن لە زێدی خۆیان هەڵکەندراون و بەرەوڕووی ئاوارەیی و پەنابەری و هەژاری بوونەتەوە. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، ئافرەتی کورد لەم بەشەی کوردستان جگە لە نارەزایی، بەرگرییان کردووە و هاوتای پیاوان لە بزووتنەوە و حیزبە کوردییەکان بەشدارییەکی چالاکانەی سەربازیی و سیاسییان کردووە، کە دواتر زیاتر قسەی لەسەر دەکەم.

بەهەمانشێوە، ژنانی کورد لە ڕۆژاڤا و لە ڕۆژهەلات بەرەوڕووی چەوساندنەوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بوونەتەوە. سیاسەتی داگیرکاری لە کوردستانی ڕۆژهەلات لە سەردەمی پەهلەوی (١٩٢٥-١٩٧٩) و دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیش، کوردی وەک کەمینەیەکی پەراوێزخراو لەبەرامبەر کۆمەڵگەی فارسی زاڵ و مەرکەزیی بینیوە. ئەم سیاسەتەی پەراوێزخستن ئەگەر، بە وتەی عەباس وەلی، واقیعی جوگرافی ئەو بەشەی کوردستان دەرنەخات، ئەوا لە ڕووی دەستوری و گوتاری زاڵی فارسییەوە کوردی بە کەمتر و نزمتر لە مرۆڤی فارس بینیوە. سیاسەت و مامەڵەشی لەگەڵ

کورد لەسەر بنەمای ئەم بەکەمبینی و پەراوێزخستنە بووە. هەروەها سەرەڕای چەوساندنەوەی نەتەوەیی و سیاسی، کۆمەڵگەی کوردی کە زۆربەی ئیسلامی سوننییە، لەلایەن ڕژێمی دەسەڵاتداریی ئێرانەوە (بەتایبەی کۆماری ئیسلامی شیعەوە لە ١٩٧٩ وە)، بەرەوڕووی چەوساندنەوەی ئایینیش بۆتەوە. لە ئەنجامدا، کورد بەرهەڵستییان کردووە و بەرەڕووی توندوتیژی و پاکتاوی نەتەوەیی و مەزهەبی بوونەتەوە. لەو کۆنتێکستەدا، هەزاران ژنی کورد هاوشانی پیاوەکان زیندانی کراون، لە بەندیخانەکاندا لە سێدارەدراون، یا لە کونجی زیندان بەرەوڕووی هەموو جۆرە ئەشکەنجە و ئازارێک تا ئاستی لاقەکردن و ئەتککردن بوونەتەوە. زۆر لە ژنانی کورد ناچارکراون زێدی خۆیان جێبهێڵن و وەک پەنابەر و ئاوارە لە کامپ و سەرسنوور و تاراوگە نیشتەجێبن (لە بڕگەی دواتر بە درێژی باسی ئەم بەشەی کوردستان و کوردستانی ڕۆژاڤا دەکەم).

ئەم بارودۆخە بۆتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان وەکو پێویست گەشە نەکات، نە لە ڕووی ئابوری و نە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. سەرەنجام کوردستان دەرفەتی بۆ نەڕەخساوە بە ڕووی دنیادا بکرێتەوە، نەریتە باو و عەشایری و نێرسالارییەکان تێپەڕێنێت و یاسا مەدەنییە سەردەمییەکان پەیڕەوبکات و لە پەراوێزەوە ببێتە چەق. ئەمەش لە ئەنجامدا بۆتە هۆی بەهێزبوونی ئەقڵیەت و پراکتیزەکردنی پیاوسالاری، کە ژنانی کورد بەشێوازی جیاجیا ئەزموونیان کردووە و بەرەوڕووی بوونەتەوە.

لەم کۆنتێکستەدا، دەتوانین بڵێین پیاوسالاریی خاسیەتی هەرە سەرەکیی پەیوەندییە جێندەرییەکانە لە کوردستان. ئەمەش واتە پیاو لەناو خێزان و لە کۆمەڵگە پایەی زاڵ و سەرداری هەیە و ژنیش ژێردەستە و دەستەمۆ. لەم هاوکێشەیەدا، پیاو ژنی چەوساندۆتەوە

و بۆ بەرژەوەندی و سەردارییەتیی خۆی بەکاریهێناوە. ئەم سیستەمە ئەگەرچی لە ئێستادا وەک جاران پتەو نیە و گۆڕانکاری بەسەردا داهاتووە، بەڵام لە چوارچێوەی هاوکێشەی سەردار-ژێردەستە و لە ڕێگای نۆرم و بەها و نەریتی کۆمەڵایەتییەوە هێشتا لەبرەودایە. لەم پرۆسە کۆمەڵایەتییەدا، ژنان بەرەوڕووی کۆمەڵێ هەڵاواردن و جیاکاری دەبنەوە، دەچەوسێندرێنەوە و ئازادییان پێشێل دەکرێت. ئافرەت ناچارە لە چوارچێوەی تەسکی خێزان و کۆمەڵگە هەڵسوکەوت بکات، بۆ زەوق و داواکاری و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە بژێت، نەک بۆ بەکارهێنانی تواناکانی و سەلماندنی بوونی خۆی وەک مرۆڤێکی کامڵ و ئازاد و سەربەخۆ. نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان ئافرەت ناچاردەکەن خەونی گەورە نەبینێ و کەسایەتی و ژیانی خۆی تەرخان بکات بۆ پارێزگاریکردن و بەرهەمهێنانەوەی سیستەمی پیاوسالاری. دیارە لە ڕابردوو و ئەو کاتەی ڕۆهەڵاتناسان لێی دەدوێن، ئەم سیستەمە بەشێوەیەکی توندتر لە ئێستا پەیڕەو دەکرا. لەم کۆنتێکستەدا، کچان دەرفەتی خوێندن و کرانەوە و پێگەیشتن و ئازادییان هێشتا زۆر کەمتر بووە و بۆ ئەوە پەروەردە کراون ببن بە دایک و زارۆک بنێنەوە و منداڵ بەخێوبکەن و خزمەتی پیاو و ئەندامانی نێری خێزان بکەن. جگە لەمە، ئافرەت ئەرک و بەرپرسیارییەتیەکی زۆری کاری دەرەوەی لە ئەستۆدا بووە، بەتایبەتی لە لادێکان و دوای پەنجاکانی سەدەی ڕابردووش لە شارەکان.[١١]

کۆدە کۆمەڵایەتییەکانی وەک پاراستنی کچێنی و بەزۆر بەشوودان و ژن بە ژن و گەورە بە بچوک و فرەژنی و خەتەنەکردن، لە ڕابردوو

---

11 Begikhani, N (2005). ‘Honour-based violence among the Kurds: the case of Iraqi Kurdistan’. In Welchman L. and Hossain S (eds), ‘Honour’: Crimes, Paradigms and Violence Against Women, London: Zed Books.

زۆر لەبرەودا بوون. ئەگەرچی ئێستا گۆڕانکارییان تێدا ڕووی داوە، بەڵام بەپێی توێژینەوە مەیدانییەکانمان، دەردەکەوێت کە لە زۆر شوێندا ئەم نەریتانە هەر ماون و ژنیان پێ دەچەوسێندرێتەوە. بەزاندنی ئەو کۆد و نەریتانە گرەوێکی ترسناکە، چونکە دەبێتە هۆی ڕچەشکێنی و بەزاندنی سنووری باو و سەپێنراو، کە دواتر وەک لەکەدارکردنی شەرەفی پیاو و تەواوی بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەت دەبینرێت.

شەرەف یەکێکە لەو چەمکانەی کە لە سەر جەستە و سێکچوالیتی ژن هەڵچنراوە و ڕەگی قووڵی هەیە لە لای کورد. لە چوارچێوەی چەمک و تێگەیشتن و پەیڕەوی شەرەفدا، ژیان و کەسایەتی و جەستە و سێکچوالیتی ئافرەت گەمارۆدراون، جووڵە و ڕەفتار و ئازادییەکانی بەرتەسک کراونەتەوە. لادان لە کۆدەکانی شەرف، دەبێتە هۆی بڕینی سنووورە سوورەکان و ژیانی ژن و هەندێجار پیاوانیش دەخاتە مەترسییەوە. توندوتیژی و کوشتن بە بیانووی شەرەف یەکێکە لەو دیاردە و پراکتیزە ترسناکانەی ناو کۆمەڵگەی کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستان، تەنانەت لەناو دیاسپۆرای کوردیشدا جارجار بەرچاودەکەوێت.[12] دابەشبوون و داگیرکردنی کوردستان و حوکمی عورفی و جەنگ و شەڕی چەکدارییش هۆکاری سەرەکی بوون لەوەی کورد نەتوانێت وەک پێویست خۆی لەم کۆد و نەریتانە ڕزگار بکات کە دژی مافەکانی مرۆڤن.

ئافرەتی کورد هەوڵی داوە بەرەنگاری ئەم بارودۆخە بێتەوە و خۆی ڕێکبخات، بەڵام لە سەرەتادا پرۆگرام و چالاکییەکانی لە چوارچێوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کوردی دا بووە لە دژی دەوڵەتانی داگیرکەر (کە لە بڕگەیەکی دواتری ئەم بەشە باسی دەکەم).

---

12 Begikhani, N, Gill, A & Hague, G (2015). Honour-Based Violence: Experiences and Counter-Strategies in Iraqi Kurdistan and the UK Kurdish Diaspora. London: Routelage.

**ناسیۆنالیزم و فێمینیزم**

ناسیۆنالیزم و فێمینیزم تێکهەڵکێشن و لە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و کێشەئامێزدان. بە پشتبەستن بە توێژینەوە ئەکادیمییەکان، دەتوانین ڕەگی ناسیونالیزمی کوردی بگەڕێنینەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە، ئەوکاتەی میر بەدرخان هەوڵی ئەوەی دەدا دەسەڵاتی میرنشینی بۆتان لە دژی دەسەڵاتی عوسمانی فراوان بکات. سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێ گەنجی سەر بە خێزانە پایەدارەکانی ئەوکاتی دامودەزگاکانی عوسمانی هۆشیاریی نەتەوەییان هەبوو و لە خەمی شوناسی نەتەوەیی کوردی دا بوون، بەڵام ناسیونالیزمی کوردی بەشێوەیەکی بونیادی لە پەیماننامەی سیڤەر و لۆزان سەرهەڵدەدات بزووتنەوەی ژنانی کوردیش، لە ڕووی مێژووییەوە، لە شێوەی ڕێکخراو و پەیڕەو لە منداڵدانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان چەکەرەیان کردووە.[١٣]

ئایا دەتوانین چالاکی و بوونی ئەو ڕێکخراوانە وەک بزووتنەوەیەکی فێمینیستی پێناسە بکەین؟ دیارە فێمینیزم بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییە کە بە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو کار بۆ یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و دادوەریی کۆمەڵایەتی دەکات. لەم سۆنگەیەوە، بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان زیاتر لە ڕووی سیاسییەوە چالاک بووە و لە سەرەتادا و بە کردەیی زیاتر لە خەمی پەروەردە و فێرکردندا بووە و هۆشیاریی ماف و یەکسانی نەبووە. ئەو بزووتنەوەیە لە هەلومەرجی کوردستان دا، کاری کردووە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، کە دیارە هۆکاری سەرەکیی دواکەوتنی کۆمەڵگە و کورد بووە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە، هۆشیاریی سیاسی و ڕزگاریی نەتەوەیی بە گوێرەی پرۆگرامی

13 Begikhani, N (2003). Kurdish Women and National Identity. Paper presented at the University of Exeter, April 2001 and Middle East Studies Association Meeting, October 2001.

حیزبە کوردییەکان ئامانجی سەرەکیی ئەو ڕێکخراوانە بوون. واتە ئافرەتان لە کوردستان کەمتر لە خەمی ئازادیی خۆیان و یەکسانی و بەدەستهێنانی مافەکانیان بوون. هۆشیاریی سیاسیی–نەتەوەیی ئافرەتان شانبەشانی پیاوانی سیاسی هاندەر بووە بۆ خۆڕێکخستن و خەبات لەپێناوی ڕزگاریی کورد و کوردستان لە چوارچێوەی پەیڕە و پرۆگرامی حیزبەکاندا.

بۆ ئەمەش، ئافرەتان زیاتر کاریان لەسەر پەروەردە و خوێندن وەک ئامانجی سەرەکیی پێشخستنی کۆمەڵگە و ڕزگاریی نەتەوەیی کردووە. نەهێشتنی پەچە و عەباش یەکێک بووە لە خەمەکانی ئەوکات کە پیاوانی کورد زیاتر لە ژنان کاریان بۆ کردووە. ئەم ڕەوتە دەشێ لە ژێر کاریگەریی «نوێخوازانەی»ی کەمال ئەتاتورک و ڕەزاشا بووبێت کە زیاتر کاریان بۆ بەمۆدێرنکردنی تورک و فارس کردووە. تا دوای ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ لە کوردستانی باشور، واتە کۆتاییەکانی سەدەی بیست، ژمارەیەکی کەم لە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە کوردستان کاری بۆ یەکسانیی ماف و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییە جێندەرییەکان کردووە.

یەکەم ڕێکخراوی ژنانی کورد لە ساڵی ١٩١٩بەناوی «کۆمەڵەی گەشەپێدانی ژنانی کورد» لەلایەن ئافرەتانی نزیک و سەر بە چینی ڕۆشنبیری کورد لە ئەستەمبوڵ دامەزرا.[١٤] ئەم گروپە کاریگەریی پیاوانی سەر بە بنەماڵە ناودارەکانی کوردی دەوڵەتی عوسمانییان لەسەر بوو، وەک بەدرخانییەکان. ئەوان لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا لەگەڵ بیری مۆدێرن و ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستی ئەوکاتی ئەوروپی لە پەیوەندیدا بوون. ئامانجی ڕێکخراوەکە بریتی بوو لە «ڕۆشنبیرکردنی ژنانی کورد بە فیکری

14 Mojab, Sh. & Hassanpour, A (2021). Women of Kurdistan: A Historical and Bibliographic Study. Society and Politics Series: 4.

مۆدێرن و لە پێناوی ڕیفۆرمکردنی ژیانی خێزانی کوردی.»[15] مێژووی چالاکی و کاریگەرییەکانی ئەم کۆمەڵەیە بە بەڵگەوە نازانین، بەڵام ئاشکرایە ئەوان سەر بە خێزانی پایەدار و دەوڵەمەند و ڕۆشنبیر بوون و گومان دەکرێت لەوەی کە توانیبێتیان نوێنەرایەتی ژنانی هەژار و لادێی و مەینەتباریان کردبێت.

لەناو خێزانە پایەدار و خوێندەوارەکان کە ئاستی ڕۆشنبیری بەرزتر بووە لەچاو خەڵکی سادە، بوار ڕەخساوە هەندێک لە کچەکان بچنە حوجرە و دواتر مەکتەب و فێری نووسین و خوێندنەوە بین. ئەمە دەروازەیەکی گرنگ بووە بۆ هۆشیاریی نەتەوەیی و ڕێکخراوەییان.

هەر لەم سەردەمەدا، ژنێکی دیکە لە خێزانێکی ئایینپەروەر و زانستپەروەر و پایەدار لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانی دەردەکەوێت، ئەویش «حەپسەخانی نەقیب»ە (١٨٩١–١٩٥٣). حەپسەخانی نەقیب جگە لە هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی و پەروەردەیی، لە ڕووی خێرخوازییەوە کارا بووە و هاوکاریی خەڵکی لانەواز و کەمدەرامەتی کردووە. لەبەرئەوەی سەر بە خێزانێکی پایەدار و کراوە بووە، نەوەی کاک ئەحمەدی شێخ و ئامۆزای شێخ مەحمود بووە، حەپسەخان دەرفەتی بۆ ڕەخساوە لە ڕووی پەروەردەییەوە پێبگات و هاوشۆی دیوەخان بکات و دوای مەرگی هاوژینەکەشی دیوەخان بەڕێوەببات. ئەو یەکەم ژن بووە کە قوتابخانەیەکی تایبەتی شەوانەی بۆ کچان لە سلێمانی کردۆتەوە و هانی دایکان و باوکانی داوە کچەکانیان بنێرنە قوتابخانە. لە ١٩٣٠ شدا ڕێکخراوێک بەناوی «کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان»

---

15 Alakom, R. (2001) “Kurdish women in Constantinople at the beginning of the twentieth century”. In Mojab. Sh. Women of a Non-State Nation: the Kurds. Mazda Publishers.

دادەمەزرێنێت. بێگومان بوونی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ئافرەتان لەو سەردەمەدا زۆر گرنگ بووە، بەڵام لە ڕووی بەڵگەوە تا ئێستا مێژوو و چالاکییەکانی ئەو کۆمەڵەیە بە نادیاریی ماونەتەوە. ڕەوتی نوێخوازیی حەپسەخان بۆ ئەوکات لەوەشدا دەردەکەوێت کە هانی ئافرەتانی داوە جلوبەرگی سادە بپۆشن و خۆیان لە کەوای قورس ڕزگار بکەن. بۆ ئەمەش هۆکاری کەشوهەوای بەکارهێناوە و خۆی یەکەم کەس بووە کەوای فڕێداوە و تەنیا کراس و هێلەگی پۆشیوە.[16]

لە ١٩٤٦ دا، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لەناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لە ژێر سایەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕێخراوێک بەناوی «یایا» دادەمەزرێت.[17] هەروەک ڕێکخراوەکانی پێشووتر، ئامانجی سەرەکی ئەم گروپە، جگە لە ڕاگەیاندنی دڵسۆزیی بۆ نەتەوە و بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی لە مەیدانی خەباتی ژناندا، بریتی بووە لە بەرۆشنبیرکردنی کۆمەڵگە لەژێر سایەی کۆماردا، ئەمەش لە ڕێگەی ڕۆشنبیرکردنی ئافرەتان و پەرەپێدانی خوێندن و فێرکردن و نەهێشتنی نەخوێندەوارییەوە.

لە کوردستانی باشوریش، لە ١٩٥٢، کۆمەڵێک ئافرەتی سەر بەخێزانی سیاسەتمەداران لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکخراوێک ڕادەگەیەنن بەناوی «یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان». ئەم ڕێکخراوە تا ئێستاش بەردەوامە و خاوەنی درێژترین مێژووە. لە پەیڕەوی ڕێکخراوەکەدا هاتووە: ئافرەتان ڕایدەگەیەنن کە ئامانجیان بریتییە لە بەرگریکردن لە مافەکانی ئافرەت لە هەموو بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوریدا. لە پراکتیزدا، چالاکی و هێڵی

16 Meiselas, S. (1997). Kurdistan in the shadow of history. Random House; 1st edition.

17 Mojab, Sh. (2001). “Women and Nationalism in the Kurdish Republic of 1946”. In Mojab. Sh. Women of a Non-State Nation: the Kurds. Santa Ana, CA: Mazda Publishers.

سیاسیی ئەم ڕێکخراوە بەشێک بووە لە سیاسەت و پڕۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان.

هەر لەم بەشەی کورستان دا، لە ١٩٨٩ و لە گەرمەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، ژنانی ناو حیزب و سەر بە خانەوادە پایەدارەکانی ناو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەژێر سەرپەرشتی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد خۆیان ڕێکخست و ڕێکخراوی «یەکێتیی ژنانی کوردستان»یان ڕاگەیاند کە تا ئێستا بەردەوامە و بە «ژنان» ناسراوە. ئەم ڕێکخراوە لە پەیڕەوی ناوخۆیدا ڕایدەگەیەنێت کە وەڵامی پێداویستییەکانی ئافرەتانی ئاوارە و پەنابەر دەداتەوە کە لە شاڵاوی کۆمەڵکوژیی ڕژێمی بەعس ڕایانکردووە. هەروەها لە پەیڕەوەکەدا هاتووە کە ئەو ڕێکخراوە سەربەخۆ و دیموکراتە و کراوەیە بۆ هەموو ژنان بە بێ جیاوازیی نەتەوەیی و سیاسیی.

لە ئێران، دوای شۆڕش و لە ماوەی دامەزرانی کۆماری ئیسلامی، جموجۆڵی سیاسی لە کوردستان زۆر بوو. هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە تا بەهاری ١٩٨٠ و هێرشی سوپای ئیسلامی بۆ سەر کوردستانی ڕۆژهەڵات، شارەکانی کوردستان تا ڕادەیەک سەربەخۆ بوون. لەم ماوەیەدا زۆر ڕێکخراو دروستبوون بۆ بەڕێوەبردنی شارەکان و لەناو هەندێ لەم ڕێکخراوانەش، بەتایبەتی لە شارەکانی سنە و سەقز و مەریوان ئافرەتان توانیان خۆیان ڕێک بخەن و کۆمیتە و گروپ ڕابگەیەنن، وەک «کۆمیتەی ژنانی سنە»، «یەکێتیی ژنانی مەریوان»، «یەکێتیی ژنانی سەقز». ئەم ڕێکخراوانە هاوکاری هێزی پێشمەرگەیان دەکرد بۆ کارگێڕیی سیاسی و بەڕێوەبردن. هەندێک لەم ژنانە، بەتایبەتی لە ناو کۆمەڵەی سەر بە فیکری مارکسیی-ماویی، هۆشیاریی چینایەتییان بەهێزبوو و داوای ڕزگاریی چینایەتییان دەکرد. دوای هێرشی سوپای کۆماری ئیسلامی ئێران و داگیرکردنەوەی شارەکانی کوردستان، ئەم ڕێکخراوانە

لەناوچوون، هەندێک لەو ژنانە دواتر چوونە ڕیزەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و چەکیان هەڵگرت و دەستیان کرد بە خەباتی چەکداری.[١٨] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەرکات کورد لە هەر بەشێکی کوردستان لە دەستی داگیرکەر ڕزگاری بووبێت هەلی زیاتر بۆ ژنانی کورد ڕەخساوە بۆ خۆڕێکخستن و وەگەڕخستن و هۆشیاری و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان.

کۆمەڵە بە یەکێک لە ڕێکخراوە سیاسییە پێشکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت کە ئافرەتان ڕۆڵێکی گەورەیان تێدا بینیوە. لەبەرئەوەی سەر بە ئایدیۆلۆژیای چەپ بوو، بەشداریی ژنان لە کۆمەڵە جیاواز بوو لەچاو ڕێکخراوەکانی دیکە. ژنانی سەر بەو ڕێکخراوە زۆربەیان گەنج و خوێندەوار بوون، سەر بە چینە هەمە جۆرەکانی کۆمەڵگە بوون لە شار و لە لادێ، نەک تەنها چینی شار و دەسەڵاتدار و نزیک لە بڕیاردەرانی ڕێکخراوەکە. بەشداریی ژنان لە کۆمەڵە لە سەرەتادا تەنها لە ڕووی چالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو، بەڵام دوای ١٩٨١ و پێکدادانی سەربازی لەگەڵ سوپای ئێران دا، ئافرەتان وەک پێشمەرگە چالاکانەتر هاتنەپێشەوە و چەکیان هەڵگرت و شانبەشانی پیاو خەباتی چەکدارییان بەرەو پێش دەبرد. بە ڕای زۆر ژنانی پێشمەرگە، کە لە ساڵی ١٩٩٩ دوای وازهێنان لە کۆمەڵە و کۆچکردنیان بەرەو تاراوگە لە لەندەن چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردوون، هۆکاری بەشداریان لە کۆمەڵە لە سەرەتادا بریتی بووە لە گوتاری پێشکەوتووخوازانەی ڕێکخراوەکە و بەڵێنی ئەوان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان. هەرچەندە ئەم ڕێکخراوە بە شێوازی دیکە بەردەوام بوو، بەڵام بەشێکی زۆری ژنان دواتر لە ڕەفتاری کۆمەڵە نائومێد بوون و وازیان هێنا و لە وڵاتانی ڕۆژئاوا نیشتەجێ بوون.

---

18 Begikhani, N. (2003 ). Kurdish Women and National Identity. Paper presented at the University of Exeter, April 2001.

له کوردستانی باکور، بەهۆی پاکتاوی رەگەزیی و جینۆسایدی کەلتورییەوە، بارودۆخی کورد بەگشتی و ژنان بەتایبەتی لە ژێر سایەی سیاسەتی نەتەوەپەرستیی کەمالیزمدا زۆر دژوار بووە. پێش دامەزرانی پەکەکە، دەرفەتی خوێندن و پەروەردە و پێگەیشتن و تێکەڵبوون بە کایەی کەلتوری و هونەری و سیاسی ئەگەر نەڵێم هەر نەبووە، ئەوە زۆر کەم بووە. بۆ نموونە ژنێکی هونەرمەندی وەک ئایشە شان لە مافی گۆرانی و سترانبێژی بە زمانی دایکی بێبەری دەکرێت و ناچار بە بێدەنگی و دواتر نەفی دەکرێت.

لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەناو پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ژنانی چالاکوان ڕێکخراوی ژنانی کوردیان ڕاگەیاند. ئەوان لە سەرەتادا لەو باوەڕەدا بوون کە هۆکاری سەرەکی توندوتیژی و چەوسانەوەی ژنانی کورد دەگەڕێتەوە بۆ چەوساندنەوەی سیاسی و داگیرکاریی دەوڵەتی تورکیا. بۆیە لە دەوری بەها و هێما و ئەفسانە نەتەوەییەکان خۆیان کۆکردەوە بۆ دروستکردنی شوناسێکی نەتەوەیی سەربەخۆ. لەو بەشەی کوردستان، هەروەک مارتن ڤان بروینسن دەڵێ، بونیادی عەشایری لێکترازاوە و بەپێچەوانەشەوە ئایدیۆلۆژیا زیاتر سیاسەت ڕێک دەخات و بەڕێوەی دەبات. پەکەکە بیروباوەڕی چەپی هەڵگرتووە و هەوڵیداوە بە دروشمی ئازادی و ماف ئافرەتێکی زۆر لەناو گەنجانی سەر بە چینە جۆراوجۆرەکان بۆ خۆی ڕابکێشێت. لەم ڕوانینەوە، هەر لە سەرەتاوە ژنان بەشداربوون لە دامەزراندنی حیزبەکە و دواتر دەیان کۆمیتە و ڕێکخراوی ژنان لە دەوری سەرۆکی پارتەکە عەبدوڵا ئۆجەلان کۆبوونەوە کە لە ٢٠١٨ ڕایگەیاند «بەبێ ڕزگاریی ژن، کۆمەڵگە ڕزگار نابێت». ژنانی ناو ئەم پارتە سیاسییە کە سەرەتا بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی هاتنەپێشەوە و بەشداریی خەباتی چەکداریان کرد، دواتر لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە گۆڕان. ئەوان لە

سالانی دوو هـەزارەوە باوەڕیان بە کۆنفیدراسیۆنی دیموکراسی هەیە، نەک دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە. ژنانی ناو پەکەکە ئەگەرچی لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیی سەرکردەکەیان ڕەفتار دەکـەن و گوتەکانی ئەو دەکەن بە پەیامی خۆیان، بەڵام هۆشیاریی جێندەرییان هەیە و بە شێوازێکی تایبەت گوتاری تایبەت بە ئازادی ژن و مافی یەکسانی دەبەنە پێشەوە. ئەو گوتارە بەرجەستەی ئایدیۆلۆژیای حیزب و بیروباوەڕی فێمینیستی دەکەن و لە فۆرمی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ژنانی کوردستان خۆی دەنوێنێت.

لـەو بەشـەی کوردستان دا، لەپاڵ پەکەکە باڵی سیاسیی لە شارەکان سەریهەڵدا. هەندێک لە هەڵگرانی بیروباوەڕی سەر بەو بزووتنەوە سیاسییانە باوەڕیان بە بەشداریکردن لە پڕۆسەی سیاسیی تورکیا دا هەبوو. لە ڕێگای ئەم بزووتنەوەیەوە، چەندین کەسایەتی کورد توانیان بگەنە پەرلەمانی تورکیا. یەکەم ژنی کورد کە ڕۆڵێکی چالاکی لە پڕۆسەی سیاسیی کوردی دا بینی، لەیلا زانا بوو. لەیلا زانا وەک ئەندام پەرلەمان هیوای زۆر بوو، بەڵام هەر لە ڕۆژی سوێندخواردنەکەی، لەربەئەوەی هەندێ لە قسەکانی بە کوردی کرد، وەک تێرۆریست ناوزەدکراو و دواتر خرایە زیندان و فەرمانی دە ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا.

لەوکاتەوە، ژنانی کورد ڕۆلێکی بەرچاویان هەبووە لە بزووتنەوەی سیاسی کوردی لە تورکیا. وەک هەڵگرانی بیروباوەڕی چەپ، پارتە سیاسییە ناچەکدارەکانیش، باوەڕیان بە یەکسانیی جێندەری هەبووە و بە کردەوە لە پڕۆسەی سیاسی کاریان پێکردووە، بەتایبەتی لە چوارچێوەی چەمکی «هاوسەرۆکایەتی» لە پڕۆسەی بەڕێوەبردن و کارگێڕیدا. ئەگەر سەرۆک پیاو بێت، دەبێ هاوسەرۆک ژن بێت، بە پێچەوانەشەوە. ئەم پڕۆسەیە بۆ تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نوێ و سەرنجڕاکێشە، بەڵام نەبووەتە هۆی ئەوەی تورکیا دان بە مافی

بەشداریی سیاسیی لەچوارچێوەی یاسادا بنێت، بۆیە زۆربەی ئەو ئەندام و پەرلەمانتار و هاوسەرۆک و جێگرەکانیان بە دیل گیراون و بە بێ دادگاییکردنێکی ڕەوا ، خزێندراونەتە زیندانەوە.

لە ڕۆژاڤا، تا سەدەی بیست و یەک و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە ٢٠١١ دا لە سوریا، بزووتنەوەیەکی دیاری ژنانی کورد سەری هەڵنەدابوو. بەڵام لەوکاتەوە، ئافرەتانی کورد لەناو پارت و گروپە سیاسییەکانی وەک یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)، لە شێوەی سیاسەتمەدار و شەڕڤان بە هۆشیارییەکی نەتەوەیی و فێمینیستانەوە خۆیان ڕێکخستووە. ئەم ژنانە چەندین بنکە و ڕێکخراویان هەیە، وەک یەکینەکانی پاراستنی ژنان (یەپەژە). یەپەژە ڕێکخراوێکی سەربازیی ژنانە و بە ئامانجی بەرگریکردن لە ناوچە کوردییەکان و بەشداریکردن لە شەڕ لە دژی تیرۆریستان دروست بووە. شایانی باسە، ئەم جەنگاوەرانە لەناو میدیای نێودەوڵەتیی وێنایەکی ئەرێنیان هەیە و هێنراونەتە ئاستی ڕزگارکەر و فێمینیستی پێشڕە و ڕۆشنگەر. لە بڕگەکانی داهاتوو زیاتر باسی چالاکییەکانی ژنانی ڕۆژاڤا لە بواری یەکسانی جێندەریدا دەکەین دەکەم.

**چەمکی جێندەر و بەدامەزراوەییکردنی پرسی ژنان لە هەرێمی کوردستان و ڕۆژاڤا**

هەرێمی کوردستانی عێراق و ئیدارەی ئۆتۆنۆمی ڕۆژاڤا، هەرچەندە بە تەواوی سەربەخۆ نین، بەڵام دوو جوگرافیا و دوو واقیعی سیاسی جیاواز پێکدەهێنن کە لە ئەزموونی بەشەکانی دیکەی کوردستان جیایان دەکاتەوە. ئەمەش وای کردووە کە ئەزموونی ژنان لەم دوو بەشەی کوردستان تایبەت و جیاواز بێت، بۆیە لێرە ڕۆشنایی زیاتر دەخەینە سەر ئەم دوو بەشە. هەروەها واقیعی ئەم دوو بەشەی کوردستان ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئەگەرچی سەربەخۆیی

و ڕزگاریی نەتەوەیی مەرج نین بۆ ئازادی ژنان، بەڵام دەرفەتی باشتر دەڕەخسێنن بۆ کارکردن لەسەر پرسی ژنان و یەکسانی جێندەری.

**هەرێمی کوردستان لە عێراق**

دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و دیاریکردنی ناوچەیەکی ئارام و دژەفڕین لەلایەن هاوپەیمانانەوە کە دامەزراندنی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە، لە ١٩٩٢ یەکەم هەڵبژاردنی گشتی لە هەرێم بەڕێوەچوو و ئافرەتان چالاکانە بەشدارییان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا کرد. لە ئەنجامدا، حەوت ژن، لە سەد ئەندام، وەک پەرلەمانتار هەڵبژێردران. کۆمەڵگەی کوردی دوای ڕاپەرین لەم بەشەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی برینداری دوای جینۆسایدی ئەنفال و بۆردومانی کیمیایی و ڕاگوێزانی بەکۆمەڵ و زیندانی و کۆچ و کۆڕەو و جەنگ و پێکدادان بوو. هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هەموو حیزبەکانەوە کەوتنە خۆڕێکخستن بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. بەڵام حیزبەکانی کوردستانی باشور نەک هەر ستراتیجیان نەبوو بۆ سارێژکردنی برینەکانی خەڵک و چاککردنی بارودۆخی ئابوری-کۆمەڵایەتی، بەڵکو لە فەرمانڕەواییشدا بێ ئەزموون بوون. پرسی ئافرەت هەروەک سیمۆن دوبۆڤوار دەڵێ لە کاتی قەیرانی سیاسی و ئابوری و ئایینیدا هەمیشە پەراوێز دەخرێت و ژنان وەک ڕەگەزی پلەدوو دەبینرێن و داواکارییەکانیان وەک مافی ڕەوا بایەخیان پێنادرێت. ئەمە لە هەرێمی کوردستان بە زەقی دیاربوو و مەینەتییەکانی بێوەژنەکانی ئەنفال و ئافرەتە زیندانییەکان و بریندار و جەرگسووتاوەکان خرانە پەراوێزەوە، یان لانیکەم وەک پێویست بایەخیان پێنەدرا.

پیاوسالاریی هێزە سیاسییە کوردییەکان بەڕادەیەک بوو کە هەندێکیان دەستیان کرد بە کوشتنی ژنان بە بیانوی سیخوڕیی. ئەمە بەشێک بوو لە پەیڕەوکردنی دەسەڵاتی پیاوسالاریی و تەسفیەی حیساب جا تەسفییەی کەسیی بووبێت یا حیزبی. بیریشمان نەچێت ئەو بەشەی کوردستان لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو لە ژێر دوو ئابلۆقەی ئابوری دا بوو: ئابلۆقەی نێودەوڵەتیی لەسەر عێراق و ئابلۆقەی دەوڵەتی عێراق لەسەر هەرێمی کوردستان. دواتر کاتێ شەڕی براکوژی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان هەڵگیرسا، برسیەتی و هەژاری و جەنگ خەڵکێکی زۆریان ناچار بە کۆچ کرد بەرەو ڕۆژئاوا. ئەم بارودۆخە بەگشتی دەرفەتی ڕەخساند بۆ بەهێزبوونی حیزبە ئیسلامییەکان و گەشەسەندنی بیروباوەڕی ئیسلامی سیاسی و کۆنەپارێزیی. حیزبە ئیسلامییەکان گەمەیان بە هەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵک دەکرد و ئافرەتیان کردبووە ئامانجی سەرەکی بۆ لەقاڵبدانی کۆمەڵگە و گەڕاندنەوەی خەڵک بۆ سەدە تاریکەکان.[١٩]

سەرەڕای ئەم بارودۆخە، ئافرەتانی کوردستان بێجووڵە و بێباک نەبوون. ئەگەرچی لە شاخ ئافرەتێکی زۆر چووبوونە ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگەوە، بەڵام حیزبەکانی ئەم بەشە باوەڕیان بە بەشداریی چەکداریی ژنان نەبوو. لەسەردەمی شەڕی چەکداریشدا، ژنان لەڕووی لۆجیستیکییەوە و لە خانە نهێنییەکاندا ڕۆڵی زۆریان هەبوو و هاوپشتیوان و تەواوکەری شۆڕشی شاخ بوون. سەرەڕای بوونی نموونەی هەندێ ژنی بەتوانا و خاوەن ئیرادە، وەک مارگرێت جۆرج لە پارتی دیموکرات و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لە یەکێتیی،

---

١٩ بەگیخانی، نەزەند (٢٠٠٨). توندوتیژی بەرامبەر بە ژن بەناوی ناموسپەرستییەوە. لەم ماڵپەڕە:
http://www.dengekan.com/doc/2008/1/04-06nazandBageXan-jenan28.pdf

که ڕۆڵیان هەبووە لەناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردیی ئەم بەشەی کوردستاندا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، سەرکردایەتی سیاسی کوردی لە ماوەی شەڕی چەکداریدا نەک هەر باوەڕی بە بەشداریی ئافرەت نەبوو، بەڵکو لەناو خودی حیزبەکان ئافرەتانی چالاکوان پەراوێزخرابوون و ڕۆڵیان لە هەندێ کار و چالاکیی وەک بەرگدوور، چێشتلێنەر و برینپێچ و پۆستەچی بچووک کرابووەوە. ئەوە لەکاتێکدا لە شارەکان، ئافرەتێکی زۆر لە ژێر دەسەڵاتی بەعس بەهۆی ئینتیمای سیاسییەوە خرابوونە زیندانەوە و لەناو دەبردران یان لە کۆمەڵگە زۆرەملێکان بە بێ پیاو ژیانێکی پڕ مەینەتی دەژیان.

لە دوای ڕاپەڕین، هۆشیارییەکی نوێ لەنێوان ژنانی ئەم بەشەی کوردستان سەریهەڵدا، کە سەرەڕای ئەوەی هەڵگری پێناسەیەکی دیاریکراو نەبوو، بەڵام دەکرێت بە سەرەتای هۆشیاریی فێمینیستی ناوزەد بکرێت. هاوتەریب لەگەڵ ئەو هۆشیارییە، توندوتیژیی بەرامبەر ئافرەتان و توندوتیژییە کۆمەڵایەتییەکانیش لە زیادبووندا بوون. هۆشیاریی فێمینیستی وەک داواکاریی مافی ئافرەتان و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و داوای بەشداریکردن لە کایەی بڕیاردان زیاتر لەلایەن ژنانی کوردی دیاسپۆرا گەشەی کردبوو، چونکە ئەوان لە پەیوەندی و بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆدا بوون لەگەڵ جیهانی دەرەوە و ڕۆژئاوا، هەروەها نەبەسترابوونەوە بە حیزبەکان و پرۆگرامی سیاسی ناوخۆوە، هاوکات لە فەزای ئازادی ڕۆژئاوا کەلتوری کۆنەپارێزیی و خێڵەکی هەژموونی کەمتر ببۆوە لەسەریان. ئەو ژنانە ڕۆڵیان هەبوو بۆ گواستنەوەی ئەم هۆشیارییە بۆ ناوخۆی کوردستان، کار و چالاکییەکانیشیان هەوڵێک بوون بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی ئەوسای ئافرەتانی کوردستان. ڕاگەیاندنی هەڵمەتی «شەرەف لە کوشتندا نییە» بەناوی بزووتنەوەی ژنانی کورد

دژی کوشتنی شەرەفئامێز، کە لە ٨ ی مارسی ٢٠٠٠ ڕاگەیەندرا، کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا.

یەکەم چالاکی وەک ڕەنگدانەوەی ئەم هۆشیارییە فێمینیستییە لەناوەوە بریتی بوو لە داواکاریی کۆمەڵێ ئافرەت بۆ گۆڕانکاریی یاسایی، تاوەکو بە یاسا مافەکانی ژنان دابین بکرێت. لە ١٩٩٢، دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێم و پەرلەمان، ژنان یاداشتێکیان بڵاوکردەوە کە سی هەزار ئافرەت ئیمزایان کرد و داواکارییەکانیان بە ڕوونی دەربڕیبوو بۆ ڕیفۆرم لە یاسای باری کەسێتی و یاسای سزای عێراقی.[٢٠] دووەم چالاکیی هەماهەنگ و گرنگی ژنانی کوردستان بریتی بوو لە سازکردنی ڕێپێوانێک دژی شەڕی براکوژی. کۆمەڵێک ژن لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر بە پێ کەوتنەڕێ و لە ڕێگاش ژنانی لادێ و شارۆچکەکان چوونە ڕیزیان و بەرەو پەرلەمانی کوردستان ڕۆیشتن. لەبەردەم پەرلەمان یاداشتێکیان ئاراستەی سەرکردایەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، پارتی و یەکێتیی، کرد و داوایان کرد شەڕ ڕابگرن و کێشەکانیان لە پەرلەمان چارەسەربکەن. ئەگەرچی وەڵامی ئەو داواکارییە ئەوکات نەدرایەوە، بەڵام ئەم ڕێپێوانە لە مێژووی ئافرەتانی کوردستان و بزووتنەوەی فێمینیزمی کوردیدا زۆر گرنگە.

هەر لەو ماوەیەدا چەندان ڕێکخراوی ئافرەتان لە کوردستان ڕاگەیەنران. ئەگەرچی ئەو ڕێکخراوانە زۆربەیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سەر بە حیزبی سیاسی بوون، بەڵام بەهەمان ئاستی سەردەمی پێشوو پابەندی پرۆگرامی حیزبی نەبوون. هەندێک لەو ڕێکخراوانە لە سەرەتای نەوەتەکاندا، بۆ نموونە ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، سەر بە بیروباوەڕی چەپ

---

20 Begikhani, N (2005). ‘Honour-based violence among the Kurds: The case of Iraqi Kurdistan’. Op.cit.

و لایەنگری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بوون. ئەمانە هەرچەندە لەژێر کاریگەریی حیزبیدا کاریان دەکرد، بەڵام لەژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای چەپ، هۆشیاری چینایەتی و فێمینیستییان هەبوو و شێلگیرانە بەرەنگاری نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەبوونەوە، بەتایبەتی پرسی شەرەف و کوشتن بە بیانووی شەرەف. ئەگەرچی لە سەر زاری هەندێ لە ئەندامەکانیان، کە نووسەر چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کردوون، ئەوان ناواقیعبین بوون، چونکە پرسی ئازادیی ژنیان بەجۆرێک باس دەکرد کە لەگەڵ بارودۆخی دوای ڕاپەڕین و شەڕی ناوخۆ و مەینەتییەکانی کۆمەڵگەی دوای ئەنفال و ڕاپەڕین و سەردەمی شەڕی ناوخۆ نامۆ بوون.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی کوردیی هەولێر و سلێمانی لە ٢٠٠٥ دا، دەیان ڕێکخراوی ئافرەتان بەناوی جیاجیا دروست بوون کە زۆربەیان سەر بە پارتە سیاسییەکان بوون. تەنانەت حیزبە ئیسلامییەکانیش، وەک یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ڕێکخراوی تایبەت بە کاروباری ژنانیان دامەزراند کە لە ڕێگای شەریعەتی ئیسلامییەوە مافەکانی ئافرەتیان دەوروژاند. سەرەڕای ئەمەش، پرسی هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتی دەربارەی ئازادییەکانی ژن و بەرەنگاربوونەوەی کوشتن بە بیانوی شەرەف و توندوتیژیی خێزانی، هاوتا لەگەڵ پارێزگاریکردن لە ژنانی ژێرمەترسیی کوشتن، لەم بەشەی کوردستان خرانە ناو ئەجێندای سیاسییەوە. هەندێ لەو ڕێکخراوانە ڕۆژنامە و گۆڤاری خۆیان هەیە بۆ زیاتر گەیاندنی بیروباوەڕ و کارەکانیان بە جەماوەر. ئەمڕۆ، سەرەڕای کەموکوڕی، زیاتر لە پەنجا ڕێکخراوی ئافرەتان لە هەرێم چالاکن. جگە لەمەش شێڵتەر و پەناگەی تایبەت بۆ پاراستنی کچان و ژنانی هەڕەشەلەسەر کراونەتەوە و کاری گرنگ دەکەن.

دوو هۆکاری سەرەکی بوونە هۆی ئەم کرانەوەیە: یەکەم، بوونی بزووتنەوەیەکی چالاکی ژنانی کورد لە دیاسپۆرا کە پێشتر ئاماژەیپێکرا. بەشێک لە ژنانی دیاسپۆرا هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە هەمیشە لە خەمی کوردستان دا بوون و هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەیان خستۆتە گەڕ، فشاریان لەسەر دەسەڵاتی ناوخۆ داناوە، پشتگیرییان پێشکەش بە ئافرەتانی ناوخۆ کردووە و پرۆژەی چاکسازیی سیاسەتی کۆمەڵایەتییان خستۆتە بەردەم حکومەت بۆ چاککردنی بارودۆخی ئافرەت لە هەرێم کە لەلایەن سیاسیی پێشکەوتوخوازەوە بە هەند وەرگیراون. هۆکاری دووەم بریتییە لە کرانەوەی ئەم بەشەی کوردستان بەسەر جیهانی دەرەوەدا. ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەلایەن ئەمریکاوە بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، بە ئاژانسەکانی یوئێنیشەوە، ڕوو لە کوردستان بکەن و کار و چالاکی تایبەت بە کۆمەڵگەی مەدەنی و پرسی جێندەر ئەنجام بدەن.

دوابەدوای «دیداری نێودەوڵەتیی یوئێن بۆ کاروباری ژنان لە پەکین» (١٩٩٥) کە چەندین ژنی کورد وەک نوێنەر بەشدارییان تێدا کرد، نووسەری ئەم بەشە یەکێک بوو لەو نوێنەرانە، پرسی یەکسانیی جێندەری و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان شێلگیرانە هێنرایە ناو ڕۆژەڤی جیهانییەوە. ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر کورد بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی. لەم بارودۆخەدا، هەرێم خۆی لەژێر فشارێکی نێودەوڵەتیدا بینیەوە بۆ ئاوڕدانەوە لەم مەسەلەیە و دانانی ستراتیجی تایبەت بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی و چاککردنی بارودۆخی ئافرەتان لە کوردستان. ئەمانە هەمووی پێکەوە و بەهاوکاریی نوێنەرانی پێشکەوتوخوازی ناو سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێم، بوونە مایەی دانانی سیاسەتێکی کۆمەڵایەتیی کە خۆی لە چاکسازیی یاسایی و بەدامەزراوەییکردنی پرسی جێندەردا بینیەوە.

لەم پرۆسەیەدا، بۆ نموونە، لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان سیستەمی کۆتا بە ڕێـژەی ٣٠٪ قبوڵکرا و لە خولی ٢٠١٨ ی پەرلەمانیش، ژنێک وەک سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرا. لە ڕووی یاساییەوە کۆمەڵێک بڕگەی تایبەت لە یاسای باری کەسێتی عێراق و یاسای سزای عێراقی گۆڕدران کە لە پەرلەمانی کوردستان دەنگیان لەسەر درا. لەوانە بڕگەی تایبەت بە کوشتنی ژنان بەناوی شەرەفەوە کە لە یاسای سزای عێراقی دا وەک تاوان هەژمار نەکراوە. هەرێمی کوردستان ئەم بڕگەیەی دەستکاری کرد و کوشتنی ژنانی وەک هەر کوشتنێکی دیکە ناساند کە بکوژ بەرەوڕووی گەورەترین سزا دەکاتەوە. هەر لە ڕووی یاساییەوە، دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە ناوی یاسای ژمارە ٨ بەناوی یاسای توندوتیژیی خێزانی لە ٢٠١١ بە زۆرینەی دەنگ لە پەرلەمان دەنگی پێدرا. لەڕووی دامەزراوەییەوە، هەرێمی کوردستان چەندین دەزگای تایبەت بە پرسی توندوتیژی و مەسەلەی ژنان دامەزراند، وەک بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و بۆردی چاودێریی مافەکانی ژنان و ئەنجومەنی باڵای کاروباری ژنان لەگەڵ کردنەوەی شێڵتەر و بنکەی تایبەتی پۆلیس و دانانی دادوەری تایبەت بە پرسی توندوتیژیی جێندەریی. ئەمانە هەمووی هەنگاوی گرنگ بوون و بە هاوکاری و هاندانی شێڵگیرانەی ئافرەتان بەرهەم هاتوون. بەڵام لە واقیعدا وەک پێویست جێبەجێ نەکراون و تا ئێستا نەبوونەتە مایەی گۆڕانکارییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی لـە هەرێمی کوردسـتان. هۆکارێکی سـەرەکی ئەم نەگۆڕانە کۆمەڵایەتییە دەگەڕێتەوە بۆ گەشەسەندنی ئایدیۆلۆژیا و پراکتیزی ئیسلامی سیاسی کە ئێران و تورکیا و سعودیە لە ڕێگای پارتە ئیسلامییە کوردییەکانەوە ڕۆڵی گەورەیان تێدا بینیوە. بۆیە هەرێمی کوردستان بۆتە مولگەی زۆرانبازی دوو هێزی دژ بە یەک: هێزێکی پێشکەوتوخواز و یەکسانخواز لە بەرامبەری هێزێکی

کۆنەپارێزی ئیسلامی. کۆمەڵگە و ئافرەت لەم زۆرانبازییەدا بوون بە بارمتە.

لە ڕووی پەروەردەیی و ئەکادیمییەوە، لە هەرێمی کوردستان ژنانی ئەکادیمیست هەڵکەوتوون و هەوڵیان داوە ئەم پرسە لەسەر ئاستی پەروەردە لە زانکۆکانەوە کاری لەسەر بکرێت. نووسەری ئەم بەشە وەک ڕاوێژکاری نێودەوڵەتی بۆ خوێندنی باڵا و جێندەر لە ٢٠١١ دەستپێشخەر بوو لە کردنەوەی یەکەم سەنتەر لە زانکۆی سلێمانی بەناوی سەنتەری جێندەر و توندوتیژی. ئەم سەنتەرە لەلایەن بریتیش کاونسڵ (British Council) و زانکۆی بریستڵی بەریتانیاوە هاوکاریی دارایی پێبەخشرا و دواتر حکومەتی هەرێم برەوی پێدا. لەوکاتەوە، بە فەرمی ئەم پرسە هێنرایە ناو پڕۆگرامی خوێندن و لە سەرجەم زانکۆکانی کوردستان سەنتەری تایبەت بە خوێندنی جێندەر کرایەوە و لەلایەن ڕێکخراو و دامودەزگا نێودەوڵەتییەکانەوە هاوکاری دارایی دەکرێن و کاریش دەکرێت بۆ پێشخستنیان بەپێی میتۆدێکی گونجاو و کردەیی.

ئێستا، لە ٢٠٢٢، ئافرەت لەم دەڤەرە نیمچە سەربەخۆیە بەشدارە لە پڕۆسەی سیاسی، جگە لەوەی بە ڕێژەی ٣٠٪ لە پەرلەمان نوێنەرایەتی دەکەن و سەرۆکی پەرلەمانیش ژنە، لەناو حکومەتیشدا، لە کابینەی نۆیەم، سێ وەزیری ژن هەن. هەروەها چەندین ژنی دیپلۆماتکار هەن کە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم دەکەن. بە ڕای دکتۆر ڕێواز فائق، سەرۆکی پەرلەمان، ژن لەناو دەسەڵات بەرەوڕووی تەحەددای زۆر دەبێتەوە و ڕێگری لێدەکرێت و لە سۆشیال میدیا هێرشی دەکرێتە سەر، لەلایەن حیزبەکەشیەوە پشتگیری لێناکرێت.

**ڕۆژاڤای کوردستان لە سوریا**

هەروەک پێشتر گوتمان، بە ڕای زۆر توێژەری ئەکادیمی، لە ٢٠١١ ـەوە، لە ڕۆژاڤا شۆڕشێک دەستی پێکرد کە ژنانی کورد ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەیان تێدا بینیوە، چ لە ڕووی سەربازی و چ لە ڕووی سیاسییەوە. پێش ئەو شۆڕشە، ئافرەتان لەم بەشەی کوردستان لە هەموو مافە نەتەوەیی و کەلتوری و مرۆییەکانیان بێبەش بوون و لەبەر کوردبوون و ژنبوونیان بەرەوڕووی ڕەگەزپەرستی و حوکمی عورفی و هەڵاواردنی جۆراوجۆر ببوونەوە.

وەک بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەر لە زووەوە، ئافرەتان لە ڕۆژاڤا ئەزموونی جەنگ و چەوساندنەوەیان کردووە. هاوتەریب لەگەڵ ئەم چەوسانەوە و توندوتیژییانە، هۆشیاریی سیاسیان لەبرەودا بووە. ئەو هۆشیارییە وای کرد لەناو حیزب و ڕێکخراوەکان بەشدار بن، ڕابهێنرێن و بە بیروباوەڕی چەپی سەر بە پەکەکە گۆش بکرێن. لەو بەشەی کوردستان دا، ئافرەتان لە سەرەتای ساڵانی دوو هەزارەکانەوە چوونەتە ڕیزی پارتیا یەکیەتیا دیموکرات (پەیەدە) و دواتریش یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)، لەوێشدا لە شێوەی شەڕڤان وەک هێزێکی تایبەتی ژنان بە هۆشیارییەکی نەتەوەیی و فێمینیستانە خۆیان ڕێکخستووە. ئەو ڕێکخراوە سیاسییانە باوەڕیان بە هێزی جەماوەر هەبوو، واتە لە خوارەوە بۆ سەرەوە، لە جەماوەرەوە بۆ چینی سەردار و باڵا، هاندەر و بزوێنەریشیان ئایدیۆلۆژیا بوو نەک گروپگەرایی لە شێوەی خێڵ و شێخ و عەشیرەت.[٢١] بەشداریی سیاسی و خەباتی چەکداری بوونە هۆی ئەوەی ئافرەت لە چوارچێوەی ماڵ و نەریت و نۆرمە جێندەرییەکان

21 Ferreira, B. & Santiago, V. (2018). “The Core of Resistance: Recognising Intersectional Struggle in the Kurdish Women’s Movement». Contexto Internacional. 40(3).

بێتە دەرەوە. دەتوانین بڵێین ئەمە بووە هۆی لەقبوونی بونیادی پیاوسالاری و بەرەنگاربوونەوەی سیستەمی سەرمایەداریش، لانیکەم لەو بەشەی کوردستان لە ئێستادا.

ژنانی ڕۆژاڤا چەندین بنکە و ڕێکخراویان هەیە وەک یەکینەکانی پاراستنی ژنان (یەپەژە). بە ڕای زۆر توێژەر، جگە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و چەوساندنەوەی سیاسی و جێندەری، ئەو ئافرەتانە دژی ڕەگەزپەرستی و ژینگەپیسکردن و نادادوەریی کۆمەڵایەتی و سەرمایەداری و بەرخۆرییش دەجەنگن. هەروەها لەسەر ئاستی باڵا، ژن شانبەشانی پیاو هاوسەرۆک و بڕیاردەرە، نموونەی دیاریش «ئیلهام ئەحمەد»ە، سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی سوریا، کە نوێنەرایەتیی ئیدارەی ڕۆژاڤا دەکات. یەپەژە کە هەموویان ژنن و ڕابەرایەتیی هێرش و جەنگەکان دەکەن لە شەڕ دژی داعش و نەیارەکانی دیکە، بەتایبەتی دوای ڕزگارکردنی کۆبانێ لە دەست داعش لە ٢٠١٤ دا، ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە و جیهانیان بە ئازایەتی و جەنگاوەرییان سەرسام کردووە. ئەم شۆڕشە باوەڕی بە دیموکراسی ڕاستەوخۆ و لە دەرەوەی بونیادی دەوڵەت–نەتەوە هەیە و تواناسازیی و بەهێزکردنی ژنان وەک ئامانج بۆ بەدیهێنانی کۆنفیدراسیۆنی دیموکراسی دەبینێت.[٢٢]

یەکێک لە هەنگاوە هەرە گرنگەکانی ئەو بەشەی کوردستان دەرکردنی «میساقی/کۆنتراکتی کۆمەڵایەتی» بوو کە لە ٢٠١٤ لەلایەن هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕاگەیەنرا. ئەم دۆکیومێنتە لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی دیموکراسی و کۆنفیدراسیۆنی دیموکراسی داڕێژراوە و باوەڕی بە

22 Knapp, M., & Jongerden, J (2016). Communal Democracy: The Social Contract and Confederalism in Rojava. Comparative Islamic Studies, 10(1), 87–109.

‹›ئازادی، دادوەری و کەرامەت و دیموکراسی›› هەیە لە سەر بنەمای ‹›پرنسیپەکانی یەکسانی و ژینگەپارێزی››. بۆ بەشداریپێکردنی ژنان لە ئەنجومەن و دەسەڵاتە باڵاکان و سەرجەم دامودەزگاکان، کۆنتراکتی کۆمەڵایەتی داوای سیستەمی هاوسەرۆکی و کۆتای جێندەری بە ڕێژەی ٤٠٪ دەکات.

ئایدیۆلۆژیا و سیستەمی کۆنفیدراسیۆنی دیموکراسی کە لە کۆنتراکتی کۆمەڵایەتی ڕۆژاڤا بەرجەستە بوون، دەرفەتیان ڕەخساندوە بۆ بەشدارییەکی چالاکانەی ژنان لە پرۆسەی سیاسی لە ئەنجومەن و دامودەزگا و بنکە و یەکە و ڕێکخراوە ئەهلی و سەربازییەکان. هەروەها پرسی جێندەر وەک چەمکێکی نوێ بەناوی ژنۆلۆژی خرایە ناو پرۆگرامی خوێندن لە ڕۆژاڤا کە ئەکادیمیای ژنۆلۆژی و فاکەڵتی تایبەت بەم پرسەی لە زانکۆی قامیشلۆ دامەزراندووە.

### ژنۆلۆژی

ژنۆلۆژی چەمکێکی نوێیە بە دەستپێشخەریی ژنانی باکور و ڕۆژاڤا لەژێر سایەی نیمچە سەربەخۆییدا سەریهەڵداوە. ڕەگی ئەم تێرمە دوو واتا هەڵدەگرێ: یەکەم، ژن و دووەم ژین. چەمکەکە هەردوو واتا بەرجەستە دەکات و لەلایەن تەڤگەرا ژنێن کوردستانێ وەک زانستێکی نوێی فێمینیزم و یەکسانیی جێندەری و ڕۆشنگەریی فیکری کاری پێدەکرێت. لە ئەدەبیاتی تایبەت بە ژنۆلۆژیدا دەردەکەوێت کە ئەم چەمک و بیروباوەڕە خۆی لە ئایدیۆلۆژیای پەکەکە و سەرکردەکەیدا دەدۆزێتەوە کە دەڵێ بە بێ ئازادی ژن، کۆمەڵگە ڕزگاری نابێ.[٢٣]

---

٢٣ https://jineoloji.org/en/بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ژنۆلۆژی، بڕوانە ئەم ماڵپەڕە:

ژنۆلۆژی بەشێکە لە کۆنفیدراسیۆنی دیموکراسی و وەک تیۆر و ئاکارێکی سیاسی باوەڕی بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و سەروەریی جەماوەر و هاوڵاتیان هەیە، نەک دامەزراندنی دەوڵەت–نەتەوە. ئەم چەمکە بە ڕای ئەندامانی ناو تەڤگەرا ژنێن کوردستانێ پێناسەیەکی تاکڕەهەندیی نییە و ڕۆژانە بەپێی پێویستی و بەرەوپێشچوونەکانی کۆمەڵگە خۆی پێناسە دەکاتەوە و خۆی لەگەڵ ڕۆحی سەردەم دەگونجێنێت. بیروباوەڕیشیان لەڕێگای ۆرکشۆپ و کۆرسی خوێندن و گۆڤار و کەناڵی جۆراوجۆری دیکەوە بە کۆمەڵگە دەگەیەنن. «ئەو زانستەی لە تەوەری ژن گەشە دەکات، دەبێتە هەنگاوی یەکەم بەرەو سۆسیۆلۆجیایەکی ڕاستەقینە»، دروشمی ئەو بزووتنەوەیە.

دەتوانین ژنۆلۆژی و کۆنتراکتی کۆمەڵایەتی–ی ڕۆژاڤا وەک وەرچەرخانێکی نوێ وەسف بکەین لە مێژووی ژنان، نەک تەنها لە کوردستان، بەڵکو لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. چارەنووسی ئەم بیروباوەڕ و چەمک و کۆنتراکتە لە جێبەجێ کردن و ڕەنگدانەوەی لە واقیعدا و بەشێوەیەکی درێژخایەن لە ئێستادا نادیارە. لە شوێنێکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە بارودۆخی جیۆپۆلەتیکیی ناوچەکەدا کە دیکتاتۆریەتی ئایینیی و سیاسی تێیدا کارایە، ئەم هەنگاوانە بەرەوڕووی تەحەددای زۆر و لێکدانەوەی کێشەئامێز دەبنەوە.[٢٤] سەرەڕای ئەمانەش، ئەم ئەزموونە پێمان دەڵێ کە ئازادی و خودحوکمڕانی دەرفەت دەڕەخسێنن بۆ کرانەوە و چەمک و چالاکی و سیاسەستێکی جیاواز کە ژێردەستەیی و داگیرکاریی نەیهێشتووە بەشەکانی دیکەی کوردستان پێی بگەن. ئەگەر ڕۆژاڤا هەنگاوی زیاتر بەرەو سەربەخۆیی بنێت، ئەوە ئەو

٢٤ بڕوانە "نامەیەکی کراوە بۆ ڕای گشتی" لە ماڵپەڕی
https://jineoloji.org/en/2021/05/10/open-letter-to-the-public/

ئەزموونەی ئازادی و سیاسەتە جێندەرییە لەوانەیە گەشەبکات و ببێتە مایەی دابین کردنی یەکسانی زیاتر لە نێوان ژن و پیاو دا. ئەمەش مەتەڵێکە و تەنیا داهاتوو دەتوانێت پێمان بڵێت تا چەند ئەم هەوڵ و خەباتە دەبنە مایەی پێشکەوتن و برەودان بە کۆمەڵگەیەکی کراوە و یەکسانخواز و دادوەر لە ڕۆژهەڵاتی جەنگئامێز و لە ژێر ڕکێفی ئەو دەوڵەتە دیکتاتۆرانەی کە فەرمانڕەوایی کوردستان دەکەن.

### لێکدانەوەی تیۆری[٢٥]

### هەستیاریی جێندەریی

هەستیاریی جێندەری (gender sensitivity) بریتییە لە پڕۆسەی هۆشیاربوونەوە دەربارەی هەموو ئەو جیاکاریی و هەڵاواردنانەی لەسەر بنەمای جێندەر دەکرێن. ئەمەش واتە تێگەیشتن لە پەیوەندییە جێندەرییەکان و لەو ئاکارانەی کە وا دەکەن ئافرەت بەکەم بزانرێت، جیاکاریی بەرامبەر بکرێت، لە ناوەندەکانی بڕیار و ئاڵوگۆڕیی و ڕۆشنبیری و ئابوری وەدەربنرێت. ئەم ڕوانینە تێگەیشتنێکی نوێیە و بەکاردەهێنرێت بە ئامانجی ڕاهێنان و هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتی لەوەی کە ئافرەت لە جەوهەردا هیچی لە پیاو کەمتر نییە و لاوازیی و بەکەمزانینی لە ئەقڵییەتی کۆمەڵگەدا بۆ هۆکارە مێژوویی و ماتریالییەکان دەگەڕێتەوە. ئەم هۆشیارییە ئەگەر بەشێوازێکی

---

٢٥ ئەم لێکدانەوە تیۆرییەم بە ئاگاییەوە لە پێش ئەنجامی وتارەکە داناوە (نەک لە سەرەتا کە لە وتاری ئەکادیمی پەیڕەو دەکرێت)، لێکدانەوەکە کورتەی وتارێکە لە سێیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بۆ دیراساتی کوردی لە زانکۆی کۆیە پێشکەشم کرد. کۆنفرانسەکە بە دەستپێشخەریی ئەنستیتوی کوردیی پاریس ڕێکخرابوو و بە هاوکاریی زانکۆی زاخۆ و زانکۆی کۆیە لە ١-٥ ی نۆڤێمبەری ٢٠١٩ لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەم لینکە:
https://www.institutkurde.org/activites_culturelles/event-558/

گونجاو کاری پێ بکرێت، ڕێگەخۆش دەکات بۆ پتەوکردنی پێگەی ئافرەت و گۆڕینی بیروباوەڕی کۆن و نۆرمە جێندەرییەکان بە ئامانجی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و هاوسەنگ و دوور لە توندوتیژی.

هەر وەک لەم کورتە مێژووییەی ژنانی کورد دا دەردەکەوێت، لە کوردستان، لە ڕابردوودا هەستیاریی جێندەریی نەبووە. پرۆگرامی حیزب و ڕێکخراوەکان بەبێ سیاسەتی جێندەریی بەڕێوەچوون. نەبوونی سیاسەتی جێندەریی لە زانستی کۆمەڵناسی و جێندەرناسیدا بە چاوپۆشیی جێندەریی (gender blindness) ناسراوە. چاوپۆشیی جێندەریی واتە نکوڵیکردن لەوەی کە ئافرەت چەوساوەیە و کۆمەڵگە بە ئەقڵیەتی پیاوسالاری بەڕێوەدەچێت و نکوڵیکردنی جیاکارییە جێندەرییەکانە. ئەم ڕەوتە وەک ئایدیۆلۆژیایەکی مەترسیدار وایە، ئەندامانی کۆمەڵگە بە بیروباوەڕ و تێگەیشتنێک گۆش دەکات کە گوایە ئافرەت لە ڕووی بایۆلۆژیی و سروشتییەوە لاوازە و بۆیە لە ماف و بەرپرسیارییەتیدا ناتوانێت بگات بە ئاستی پیاو. لەم بیروباوەڕەوە ئافرەت لە جەوهەردا وەک زەعیفە و بێ توانا و کەمتر لە پیاو پێناسە دەکرێت، لەمەشەوە نەک هەر لە پێگەی باڵا و مافەکانی بێبەشی دەکات، بەڵکو ڕەوایەتیش دەدات بەو پێشێلکارییانەی بەرامبەری دەکرێت. ئەمە بەجۆرێک ڕەگاژوو بووە کە تەواوی تێگەیشتنی کۆمەڵگەی لەسەر بنیاتنراوە، واتە ئەندامانی کۆمەڵگە ئەم لێکدانەوانە وەک ڕاستیی دەبینن. کاتێکیش وەک ڕاستیی بینرا، ئەوە ناخرێتە ژێر پرسیار و ڕەخنەوە.

چاوپۆشیی جێندەریی لە تەواوی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە پەیڕەو دەکرێت و لە دامودەزگاکان کاری پێدەکرێت. سەرەنجام لە لای کوردیش، لەناو سەرجەم حیزب و ڕێکخراوە

سیاسییەکان بەرجەستەیە و قبوڵکراوە و کاری پێ دەکرێت. ئەم ڕوانینە لە پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و کرانەوە و ئازادی دەرفەتی بۆ کچان و کوڕان هێناوەتەپێش،. هەروەها بەهۆی کارکردن لە دەرەوە و تێکەڵبوون بە کایەی ڕۆشنبیری و ئابوری، جیاکاریی جێندەریی خەریکە دەخرێتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام هاوتەریب لەگەڵ ئەم بیروباوەڕە، بێلایەنیی جێندەری (gender neutrality) یش گەشەی سەندووە.

ڕەوتی بێلایەنیی جێندەریی باوەڕی وایە کە جیاوازیی نییە لە نێوان ژن و پیاو و نابێ جیاوازیی ڕەگەزیی بەکاربهێنرێت بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی ژن و پیاو و دابینکردنی مافەکانیان. بە گوێرەی ئەم بیروباوەڕە ئافرەت جیاکاریی بەرامبەر ناکرێ و خاوەن پێگەیە و هەموو مافێکی هەیە. لە لای کورد ئەم ڕەوتە تا ڕادەیەکی زۆر باوە و کاری پێدەکرێت. پرسیارەکە ئەوەیە، چۆن؟

ئەوەی کە لە سەرەتا باسمان کرد، پیاوانی کورد لە ڕوانگەی نێرسالارییەوە هەمیشە خۆیان بەوە هەڵدەکێشن کە ئافرەتی کورد ئازا و نەترس و خاوەن مافە و هەموو ئازادییەکی هەیە. بۆ ئەمەش پشت بە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسی و ئەندێشە و خەیاڵ دەبەستێ، نەک خوێندنەوەی واقیعی و توێژینەوەی ئەکادیمیی بەڵگەئامێز دەربارەی بارودۆخی ئافرەت. بۆیە کاتێ ئافرەت داوای مافی خۆی دەکات و خەبات دەکات بۆ یەکسانیی جێندەریی، ئەوە هەوڵەکانی بە هەڵە لێکدەدرێنەوە و لەباردەبردرێن. لە بەرامبەردا ئافرەتان بە ئایدیۆلۆژیای خەبات و ڕزگاریی نەتەوەیی گۆشدەکرێن تا ئەو ئاستەی کە خۆیان لە پرۆگرام و پەیڕەوی حیزبەکاندا دەدۆزنەوە نەک لە ڕەخنە لەم بیروبۆچوونە و لە نێرسالاریی ناوخودی ڕێکخراو و ئۆرگانە حیزبییەکان.

ئـەوەی کـە درەنگـتـر دەرکــەوت لـە لای کـورد، هەستیاریی جێندەریی بوو، کە هەروەک پێشتر گوتمان جۆرێکە لە هۆشیاریی گشتیی دەربـارەی چەوسانەوەی جێندەریی و ڕەوایەتیدان بە خەباتی فێمینیستی و یەکسانیی جێندەریی. ڕەوتی هەستیاریی جێندەریی باوەڕی وایە کە ئافرەت لە کۆمەڵگە و لەناو حیزب و دامەزراوە سیاسییەکاندا دەچەوسێنرێتەوە، لەسەر بنەمای نۆرم و پەیوەندییە جێندەرییەکان پەراوێز دەخرێت و وەک مرۆڤی تەواو مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت و مافەکانی پێشێل دەکرێن. ئەمەش دەبێتە هۆی وەدەرنانی ئافرەت لە ناوەندەکانی بڕیار و پەراوێزخستنیان. لە ئەنجامدا، ئەم بیروباوەڕە دەبێتە هۆی قووڵکردنەوەی جیاکاریی و شێواندنی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو و ڕوودانی توندوتیژی.

پرسیارێک کە دەبێت بکرێت ئـەوەیـە، چۆن دید و تیۆری لەمجۆرە، هەستیاریی جێندەریی، کە لە ڕۆژئاوا سەریهەڵداوە، داخۆ لەناو کۆمەڵگەی کوردی ڕێچکەی خۆی دەدۆزێتەوە و لە واقیعدا پیادە دەکرێت؟ لە سەردەمی جیهانگیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای زانیاری و ئینتەرنێت و سۆشیال-میدیا، دنیا وەک گوندێکی بچووکی لێ هاتووە و سیاسەت و ڕووداوەکان بەخێرایی دەگوازرێنەوە و کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەیە. ئەگەر شرۆڤە و شیکارێکی ورد بۆ کارو پرۆگرام و سیاسەتی جێندەریی لە هەرێمی کوردستان بکەین وەک نموونەی یەکەمین هەرێمی نیمچە-سەربەخۆ کە خاوەنی سی ساڵ ئەزموونی بەڕێوەبردن و حکومەت و پەرلەمانە، ئەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سەرکردایەتی سیاسی کوردی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی کەوتنە ژێر کاریگەرییە نێودەوڵەتییەکان. دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق لەلایەن

ئەمریکاوە، عێراق و هەرێمی کوردستانیش بە ڕووی دنیادا کرانەوە، بەڵام هۆشیاریی جێندەریی زیاتر لە هەرێمی کوردستان برەوی پەیداکرد و وردە وردە لە پرۆگرام و سیاسەتی کۆمەڵایەتیدا ڕەنگی دایەوە. بۆیە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان هەرێم و ناوەڕاست و باشوری عێراق دا هەیە لە ڕووی یاسایی و پۆلەسی و سیاسەتی جێندەریی بەگشتی. هەروەها ئەم ئەزموونە ئەوەشمان پێدەڵێت کە لەبەرئەوەی ئەم دەرفەتەی ئازادی و نیمچە سەربەخۆییە بۆ بەشی دیکەی وەک کوردستانی ڕۆژهەڵات و باکور نەڕەخساوە، ئەوە بارودۆخی ئەوان ئاڵۆزترە و دەرفەتی تێکۆشان و گەیشتن بە یەکسانیی کەمتر ڕەخساوە.

ئەم هەنگاوانە زۆر گرنگن، بەڵام لە واقیعی سەختی کوردستان دا کافی نییە، چونکە بەپێی تێگەیشتن و مێتۆدێکی دروست کاری پێ ناکرێت، بۆیە پێشکەوتوخوازان بەرەوڕووی تەحەددا و تەنگ و چەڵەمەی زۆر بوونەتەوە. ئەو تەنگ و چەڵەمانەش لەلایەک دەرهاوێشتەی داگیرکاریی و دابەشبوونی کوردستانن، لەلایەکی دیکەش گوزارشن لە نێرسالاریی کە لە کۆمەڵگەی کوردی دا زۆر زاڵ و دیارە. لەم سۆنگەیەوە لە کوردستان هۆشیاریی جێندەریی و کار و چالاکییەکان بە سێ جۆر چوونەتە پێشەوە کە جێگەی تێڕامان و هەڵوەستەن:

یەکەم، گرنگیدان بە ژنانی ناودار و خاوەن پێگە لە ڕابردوو، بەتایبەتی لە بواری سیاسی و فەرمانڕەوایی و بەشداری لە جەنگ و سەرۆکایەتیی خێڵ و خەباتی نەتەوەییدا. هەروەک بینیمان ژنانی وەک خانزاد و عادیلە خانم و حەپسەخانی نەقیب و هتد، ئایدیالیزەکراون و لە کۆنتێکستی خۆیانەوە نەخوێندراونەتەوە. هەموومان دەزانین ئەو ژنانە کە جێگەی ڕێز و ستایشن، تەنها چەند نموونەیەکن و سەر بە چینی ئاغا و میر و دەسەڵاتدار بوون

و گوزارش لە سەرجەم کۆمەڵگە ناکەن. نەک هەر ئەمە، بەڵکو لە ڕابردوو بەهۆی باڵادەستیی نێرسالارییەوە، تەنانەت ئەو ژنانەش لە کایەی گشتی و لە کایەی ڕۆشنبیریی وەدەرنـراون، یان وەک پێویست گرنگیان پێنەدراوە و لە ئاستی ئایدیالیزە و فانتازیای پیاوان ماونەتەوە. ڕاستە ئەو ژنانە لەناو ئەو جیهانە پیاوانەییەدا کە هەموو شتێک بە پێوەری سیاسەت و پیاو و پیاوانە هەژماری بۆ دەکرێت، توانیویانە خاوەن پێگە بن، بەڵام بەرجەستەی نەریت و بیروباوەڕی کۆنیان کـردووە. بە واتایەکی دیکە، بۆ ئەوەی قبوڵبکرێن، دەبوایە ئەو ژنانە وەک پیاو ڕەفتار بکەن و خۆیان لە ژنییێتی دامالّن. هاوکات، کاتێ ئەو ژنانە ئایدیالیزەدەکرێن، ئەوە باسی ئەو ئاستەنگانە ناکرێت کە ئەو ژنانە لە ژیانی ڕۆژانەیان و لە ئەنجامی پیاوسالاری بەرەوڕووی بوونەتەوە. نەک هەر ئەمە، بەڵکو باس لە ژنانی ڕەش و ڕووت و سەر بە چینی سـادە و هەژارانیش ناکرێت کە لە بارودۆخێکی خراپ و زۆر نالەبارتردا ژیاون. ئەمەش واتە باسەکان بە تەواوی گوزارش لە مێژوو و لە واقیعی ئافرەتان ناکەن و وێنەی حەقیقی بارودۆخە ڕاستەقینەکە دەشارنەوە.

دووەم، هاوتەریب لەگەڵ ئەمە، چالاکوانان گرنگیان داوە بە ژنانی ناو بواری گشتی و «قارەمانانی» حیزب و ئەوانەی چالاکن و قسەکەرن و لە پێناو نیشتمان شەهید بوون وە لە کایەی گشتیدا جێی ستایش و بایەخن. بۆ نموونە لە ئێستادا ژنانی ڕۆژاڤا کە جێگەی شانازی و ئیلهامی هەموومانن، ئەوەندە ئایدیالیزەکراون کە کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەیان وەکو ژن پشتگوێخراون، یا لە خاسیەتی مرۆڤانە و ژنایەتیی خۆیان داماڵراون، زۆرجار وەک ئەبستراکت و فەنتازیا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. ئەم میتۆدەش نادروستە و دوورە لە واقیعەوە، یا بە تەنها بەس نیە بۆ ئەوەی ئێمە لە قووڵیی

پرسی جێندەر و پێگەی ژن و ڕەهەندی چەکداریی و پەیوەندییەکانی هێز و دەسەڵات لە ناو کۆمەڵگە تێبگەین. هەروەها مێتۆدەکە نابێتە هۆی ئەوەی ئێمە چەوسانەوە و ژێردەستەیی ئافرەت بوروژێنین، نێرسالاریی بخەینە ژێر پرسیارەوە و هەوڵی دروست بدەین بۆ چارەسەری گونجاو.

بە پێچەوانەوە، ئەم میتۆدە بیروباوەڕی «پیاوانە» و نێرخواز بەرهەمدەهێنێتەوە و ئەوە پێشنیازدەکات کە ئافرەت بۆ ئەوەی مافی دابینبکرێت، دەبێت ببێتە پیاو، وەک پیاو ڕەفتاربکات، تێکەڵ بە بوار و کاری پیاوانە بێت، وەک ئەوەی جەنگ و بواری گشتی موڵکی پیاوان بن و ئافرەت بۆ ئەوەی دانی پێدابهێنرێت، دەبێت خۆی بە پیاو و ئەو جیهانە وەهمییە بپێوێ و بەرجەستەیان بکات. لێرەدا نێرسالاریی نەک هەر وەک سەرچاوەی هێز و دەسەڵات دەبینرێت، بەڵکو ئەم میتۆدە بەرهەمیشی دەهێنێتەوە. ئەوەی ئەم تێگەیشتنە نێرسالارییە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، تێگەیشتن و لێکدانەوەی فێمینیستانەیە. فێمینیزم نەک وەک دژەپیاو، بەڵکو وەک ئینتیما و دژەنێرسالاریی بە ئامانجی هاوسەنگی و پەیوەندییەکی هارمۆنیانەی نێوان ژن و پیاوە.

سێیەم، گرنگیدان بە قوربانییەکان، سەرەنجامی نێرخوازی و نێرسالاری نەک تەنها دەبێتە بەربەست لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگە، بەڵکو دەبێتە مایەی توندوتیژی. ژن و جەستەی ژن دەبنە مەیدانی جەنگ و زۆرترین توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت. جگە لە توندوتیژیی جەستەیی و عاتیفی و دەروونی، ئافرەت مافەکانی پێشێل دەکرێت، ئازادی لێ دەسەنرێتەوە و دەرفەتەکانی پێگەیشتن و تواناسازی و گەشەکردنی مەعریفی بەرتەسک دەکرێتەوە. چالاکوانان ئەمەیان بەهەند وەرگرتووە و کار و چالاکی و کەمپەینیان کردووە بۆ گۆڕینی سیاسەتی جێندەریی و ڕیفۆرمی

یاسایی و کەمکردنەوەی توندوتیژییەکانی جێندەریی. تەحەداکانی بەردەم ئەم ڕەوتە ئەوەیە کە ئەگەر تەنها لەسەر قوربانیبوونی ژنان بگیرسێینەوە، ئەوە لە بازنەیەکی تەسکدا دەسوڕێینەوە، تێگەیشتنمان دووانەکی (دووالیزم) دەبێت. ژن قوربانی و پیاو زاڵم و چەوسێنەرەوە. ئەمە لە ڕاستیدا وانییە. قوربانییەکانی جەنگ هەموو کۆمەڵگە دەگرێتەوە. پیاوان جگە لە کوشتن، بەرەوڕووی لاقەکردن و توندوتیژیی دەروونـی و سۆزیش دەبنـەوە. بـەڵام خەسڵەتی نێرسالاری و چەمکی پیاوەتی وای کردووە پیاوان بێدەنگ بن و باسی ئەو توندوتیژییانە نەکەن. هەروەها هەڵگری خەسڵەتی نێرسالاری تەنها پیاوان نین، بەڵکو ئەم چەمکە لە ئەقڵیەتی تەواوی کۆمەڵگەدا ڕەنگی داوەتـەوە و ژنانیش بەشێوازی جیا بەرهەمی دەهێننەوە و کاری پێ دەکەن (بۆ نموونە خەتەنەکردن ئەگەرچی گوزارشتە لە نێرسالاری، بەڵام ئەوە ژنانن کە پراکتیزەی دەکەن. بەهەمانشێوە توێژینەوەکانمان نیشانی دەدەن کە ژنان بەشداری لە پلانی کوشتن بە بیانووی شەرەف دەکەن، جا ئەمە لەبەر ترس بێت یا وەک ڕەنگدانەوەی پیاوسالاری بێت، ژنانیش بە ڕێژەیەک بەدەرنین لەم تاوانانە.

بۆیە ئەگەر لە ڕوانگەی هەستیاریی جێندەرییەوە زیاتر کار لەسەر قوربانییەکان و چەمکی قوربانیبوون کرابێت، ئـەوە لە سەرەتادا پێویست بووە، چونکە وەڵامی پێویستییە هەنووکەییەکانی داوەتـەوە. بـەڵام جۆرێک لە دووانـەکی (دووالـیـزم) ی لە کـار و شرۆڤە و چالاکییەکاندا دروستکردووە. لە هەستیاریی جێندەرییەوە، پێویستە ئێمە دووانەکی ڕەتبکەینەوە، هۆشیاربین بەرامبەر دژواری و ئاڵۆزییەکانی جیهان و ئاڵنگاریی و تەنگ و چەڵەمەکانی واقیع کە مرۆڤی کورد بەرەوڕوویان دەبێتەوە.

هەموومان دەزانین کە جیهان بەگشتی و جیهانی مرۆڤی

کورد زۆر لەوە کێشەئامێزتر و ئاڵۆزتر و دژوارترە کە بە میتۆدی دووانەکی شرۆڤەی بکەین و لە نێوان ڕەش و سپی، ئەهریمەن و پەری، لایەنێک هەڵبژێرین، یا بەدوای چارەسەری یەک ڕەهەندیدا بگەڕێین. چارەسەری یەکڕەهەندی و دووانەکی واتە سادەیی و ساویلکەیی. ئەم ڕوانینە نەک هەر ناتەواوە، بەڵکو کورتخایەنیشە. بە ڕای من بۆ دەربازبوون لەم دووانەکی و سادەیی و ساویلکەییە لە لێکدانەوە، ئێمە پێویستیمان بە شرۆڤە و شیکاری ئینتەرسێکشنالانە هەیە، شرۆڤەیەک کە وەک ئاوێنە ئاڵۆزیی و دژوارییەکانی تێدا ببینێت و لێیەوە بڕوانێت و چارەسەر بخاتەڕوو.

**بەرەو میتۆدی ئینتەرسێکشنال؟**

ئینتەرسێکشنالیتی چەمکێکی شیکارییە بۆ تێگەیشتنێکی قووڵ لە واقیع، بۆ تێکهەڵکێشی و تێکهەڵچنینی هەموو ڕەهەندەکانی ناسنامە و شوناسی مرۆڤ، وەک نەتەوە، ئایین، ئێتنیک، مەزهەب، چین و پێگەی کۆمەڵایەتی و تەمەن و شوێنی نیشتەجێبوون، هتد. ئەمانە هەموویان تێکهەڵکێشن و پێکەوە بەشدارن لە دروستکردنی بارودۆخی مرۆڤ و پەیوەندییەکانی هێز و نادادوەری و ئاستی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی. ژنانی کورد چەوساوەن وەک کورد لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە و ئەزموونی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و سیاسیی و پاکتاوی نەتەوەیی و کۆمەڵکوژی و ڕاگوێزانی بەزۆر و جینۆساید دەکەن. ئەم بارودۆخە بۆتە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و بەهێزکردنی پیاوسالاری و نۆرم و نەریتە باوەکان. جا سەرباری ئەو چەوساندنەوە و زوڵم و توندوتیژییانە، ژنانی کورد بەرەڕووی چەوساندنەوەی پیاوسالاری و کۆمەڵگەییش بوونەتەوە.

ئەم میتۆد و چەمکە بە ڕای داهێنەرەکەی کە ژنێکی ڕەشپێستی ئەمریکییە بەناوی کیمبەرلی کرەنشۆ،[26] وەک ئاوێنەیەک وایە بۆ بینین و خوێندنەوە و تێگەیشتنی واقیع بە هەموو ڕەهەند و ئاڵۆزییەکانییەوە. میتۆدی ئینتەرسێکشنال هاوکاریمان دەکات بۆ ئەوەی لە ڕەگی کێشە و چەوساندنەوەکان تێبگەین، لەوە تێبگەین کە هێز و دەسەڵات لە کوێوە دێن، لە کوێ تێکهەڵکێش دەبن و تێکدەچرژێن و تێکەڵ بە ڕەهەندی دیکە دەبن و سەرەنجام توندوتیژی و نایەکسانییان لێدەکەوێتەوە. بۆیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پیاوسالاری تێیدا بەهێزە، ناتوانین بڵێین ژنانی تورک و فارس و عەرەب بەهەمان شێوەی ژنانی کورد دەچەوسێندرێنەوە. ئەگەر لە ژێر سایەی سیستەمی پیاوسالاریدا، ژنێکی تورک و فارس و عەرەب وەک ژنێکی کورد بەرەوڕووی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەیی بێتەوە، ئەوە ئافرەتانی کوردستان دووجار دەچەوسێندرێنەوە و جیاکارییان بەرامبەر دەکرێت، جیاکاریی سیاسیی نەتەوەیی/ئیتنیکی و جیاکاریی جێندەریی. کەواتە جۆر و سروشتی چەوساندنەوە و ژیانی ژنی کورد جیاوازە، لەبەرئەوەی بێدەوڵەتە و داگیرکراوە و لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بێبەشکراوە. ئەم هۆکارانەش بوونەتە مایەی داخران و دواکەوتوویی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و هاوکات زاڵبوونی پیاوسالاری لەناو کۆمەڵگەی کوردی دا. جگە لەمانە، لەناو خودی کۆمەڵگەی کوردی دا چەوساندنەوەکان چەندین ئاست و جۆریان هەیە. ئەو چەوساندنەوە و پەراوێزخستنەی کچێکی هەژار و نەخوێندەوار لە گەڕەکێکی دوورەپەرێز

26 Crenshaw K. (1991). "Mapping the Margins: Intersectionality, Identity Politics, and Violence against Women of Color". Stanford Law Review, Vol. 43, No. 6. pp. 1241-1299.

بــەرەوڕووی دەبێتەوە، جیاوازە لە بـارودۆخـی کچێکی سەر بە چینی دەوڵەمەند یا کچی بەرپرس و ئاغایەک. بارودۆخی بێوەژنێک، کەمئەندامێک یـان قەیرەکچێک زۆر جـیـاوازە لە بارودۆخی ژنێکی خاوەن هاوسەر و گەنج و تەندروست و سەر بە بنەماڵە و عەشیرەت.

بۆ ئاراستەیەکی دروستی ئەم واقیعە دژوار و ئاڵۆزە، ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاسـت پێویستی بە میتۆد و سیاسەتی ئینتەرسێکشنال و ڕوانینێکی جێندەریی هەیە لە ڕووی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و کەلتوریی و پـەروەردەییـەوە. بۆ نموونە، لە ڕووی سیاسەتی زمانەوانییەوە، منداڵی کـورد لە زۆربـەی بەشەکانی کوردستان لە زمانی دایکی بێبەری کراوە. ژنان سەرباری کاری زۆر و بـاری قورسی جەنگ و هەژاریی و ئـاوارەیـی، ئەرکێکی گـەورە بەجێدەهێنن لە پاراستنی زمانی دایـک و گەیاندنی بە زارۆکی کورد. لە تورکیا کە سیاسەتی کەلتورکوژی و زمانکوژی پیادە دەکرێت، ناسنامە و زمان و کەلتوری کوردی بەشێوەیەکی سیستەماتیک قەدەغە دەکرێن و ناسنامەی تورکبوون بە شێوەیەکی تۆقێنەرانە دەسەپێندرێت. لە ڕوانگەی ئینتەرسێکشنالیەوە، دەوڵەتە داگیرکەرەکان کە زمانی کوردی قەدەغە دەکەن، کۆمەڵێک ئامانج دەپێکن، قەدەغەکردنی زمان تەنها بۆ قەدەغەکردنی خوێندن و قسەکردن بە زمانی دایک نیە، بەڵکو لەم قەدەغەکردنەوە مرۆڤی کورد نامۆ دەکەن بە بوونی خودی خۆی وەک کورد و بە جیهان و بە داهاتووش، چونکە ئەو منداڵانەی کە لە زمانی دایک بێبەری دەکرێن، بەشێوەیەکی سروشتی گەشەناکەن، لە مەکتەب تووشی کێشەی فێربوون و خوێندنەوە و نووسین دەبن، کەمتر دەچنە پێشەوە، دواتر ناتوانن وەک مرۆڤێکی کامڵ بەشداری لە پڕۆسەی بەرهەمهێنان و داهێنان بکەن، کار بدۆزنەوە و بەردەوامی بە ژیان

بدەن. لە ئەنجامدا ئەم منداڵانە مرۆڤی هەژار و پەراوێزخراویان لێدەکەوێتەوە. لە پڕۆسەی سیاسی و داواکردنی مافەکانی کورد، پێویستە ئەم ڕەهەندانە هەموویان تێکهەڵکێش بکرێن، ئارگومێنتێکی بەهێزیان لێ دروست بکرێت و لەبەرچاو بگیرێن بۆ چەسپاندنی مافە ڕەواکانی کورد.

## ئەنجام

لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوو و لە پەیماننامەی سیڤەرەوە، کوردستان بەشێوازێکی نوێ دابەش کراوە و کۆمەڵگەی کوردی بەرەوڕووی سیاسەتی چەوساندنەوە و داگیرکاریی چوار دەوڵەت-نەتەوە بۆتەوە. کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان لە جەنگی بەردەوام دا بووە، جەنگ بە هەموو شێوازەکانییەوە: جەنگی نێوان دەوڵەتان، جەنگی دەوڵەتانی مەرکەزی دژی کورد، جەنگی ناوخۆ و شەڕی چەکداری، شەڕی براکوژی و جەنگ دژی تێرۆریزم. ئەم جەنگانە کاردانەوەی زۆر و وێرانکەریان لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان هەبووە بە ژن و پیاوەوە بەجۆرێک کە توندوتیژیی بۆتە خاسیەتێکی دیاری کەسایەتی و سایکۆلۆژیی مرۆڤی کورد. توندوتیژیی نێوان مرۆڤەکانیش بەشێکی درێژکراوەی ئەم جەنگانەیە کە لە دەرئەنجامی نەبوونی ئاشتی و ئارامی و سەقامگیری بووە.

ئافرەتی کورد بە شێوەیەکی سیستەماتیک بەرەوڕووی هەموو جۆرە توندوتیژی و جیاکاری و چەوسانەوەیەکی نەتەوەیی و ئیتنیکی و ئایینی بۆتەوە. ئەم سیاسەتەی جیاکاری و چەوساندنەوە لە واقیع و لە تیۆریزەکردنیشدا شوناسی مرۆڤی کوردی نەخشاندووە، واتە نەک پەراوێزی کردووە، بەڵکو خستوویەتیە دەرەوەی مێژوو و دەرەوەی گوتاری ئەکادیمی و مەعریفییەوە. جگە لە چەوسانەوەی دەوڵەتی مەرکەزی و بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەگەڵ جەنگ و قەیرانەکان، لەناو خێزان و کۆمەڵگەشدا بەرەنگاری چەوسانەوەی پیاوسالاری و جێندەری بۆتەوە. لەم سۆنگەیەوە، ئەزموونی سەرەکیی ئافرەتی کورد، ئەزموونی توندوتیژی و کۆچ و ئاوارەیی و زیندانی و خەبات و بەرخودان بووە.

ئەگەر لە سەرەتادا ئافرەتان زیاتر سەرقاڵی خەباتی سیاسی بووبن لە چوارچێوەی حیزبە کوردییەکاندا و بە ئامانجی ڕزگاریی

نەتەوەیی، ئەوە لە دوو دەیەی ڕابردوودا هۆشیاریی جێندەرییان وردە وردە گەشەی کردووە و لە تێکۆشانن دژی نۆرم و نەریتی پیاوسالاری.

پیاوسالاری دیاردەیەکە ڕەگی قووڵی هەیە و هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەمڕۆ بەدەستییەوە دەناڵێنێت، بەڵام دیارە بەپێی بارودۆخی مێژوویی و جیۆپۆلەتیکی، لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێ. لە کۆمەڵگەی کوردی دا پیاوسالاری بەجۆرەها شێواز و نەریتی کۆمەڵایەتی پیادە دەکرێت و بۆتە مایەی چەندان جۆری توندوتیژی و چەوسانەوە و ستەم. ئەو توندوتیژی و چەوساندنەوانەی ئافرەتی کورد بەرەوڕوویان دەبێتەوە تێکهەڵکێش و ئاڵۆز و فرەڕەهەندن و لە ژیانی ڕۆژانەی ژنان بە ڕوونی ڕەنگیان داوەتەوە و لە ستراتیجی بەرەنگاربوونەوە و بەرخودانیشدا بەرجەستە بوون.

جگە لەمانە، ئافرەتی کورد لەناو جەرگەی ناوچەیەکدا دەژی کە چەقی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیی و ناسیۆنالیزمی توندڕەوە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەرچەندە بەهۆی جیهانگیریی و تەکنەلۆجیای مۆدێرن و ئینتەرنێت و ڕووداوەکانی ‹›بەهاری عەرەبی»یەوە، لە دینامیکییەتی بەردەوام دابووە، بەڵام گەشەسەندنی ئیسلامی سیاسیی و تێرۆریزمی دەوڵەت و گروپە چەکدارەکانی وەک داعش، ڕێگربوون لەبەردەم کرانەوەیەکی ئەرێنی و وەرچەرخانێکی ڕاستەقینە.

ئەگەرچی بەشێکی چەوسانەوە کۆمەڵگەییەکان دەگەڕێتەوە بۆ شەریعەتی ئیسلام، وەک نایەکسانی وناهاوتایی لە میرات و شایەدحاڵیی و شەرعییەتدان بە فرەژنی، بەڵام دیارە جوگرافیا و مێژوو و کەلتور بە واتا کۆمەڵایەتییەکەی، کۆمەڵگەی کوردیان بە ئاراستەیەکدا بردووە کە لە بەرژەوەندیی پێشکەوتن و وەرچەرخان و کرانەوە بەڕووی جیهاندا نەبوون. کۆدی شەرەف کە لەسەر

جەستە و سێکچوالیتی ژن بنیات نراوە، بۆتە کەلەپچەی دیلی و بەربەستێکی گەورە لەبەردەم پراکتیزەی ئازادی و ڕزگاریی ئافرەت.

لەم بەشەدا، هاوتەریب لەگەڵ مێژووی ئافرەتانی کوردستان، باسی چۆنیەتی و شێوازی خۆڕێکخستن و خەبات و بەرخودان و چالاکییەکانی ژنانی کوردمان کردووە. ئەزموونی ئافرەتانی هەموو بەشەکانی کوردستان لێکدەچن، بەڵام تایبەتمەندیی مێژوویی و جوگرافی و کەلتوریی خۆیان هەیە. لەم ڕوانگەیەوە، ڕۆشناییمان خستەسەر ئەزموونی کوردستان لە عێراق و لە سوریا، واتە لە باشور و لە ڕۆژاڤای کوردستان. هەرێمی کوردستان لە عێراق سەرەڕای توندوتیژی و پێکدادانی سەربازیی بەردەوام، لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا نیمچە-سەربەخۆ بووە. لە کۆتایی سەدەی ڕابردوو و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەوە، لەم بەشەی کوردستان دا ئافرەتان مەیدانی خەباتیان گواستەوە بۆ ناو کاری ڕێکخراوەیی و لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا زیاتر دەرکەوتن. لەم سۆنگەیەوە توانیویانە ببنە مایەی دروست کردنی فشار و هۆشیاریی جێندەریی، ئەمەش سەرەتا لەلایەن ئافرەتانی دیاسپۆراوە دەستی پێکرد. ئەگەرچی کۆمەڵگەی مەدەنی بەپێی بارودۆخی سیاسی و ئابوری تەواو سەربەخۆ نیە و گرێدراوەتەوە بە حیزب و دەسەڵات، بەڵام ئەم ئەزموونە وایکرد سەرەتا لە شێوەی چالاکیی مرۆیی و کاری خۆبەخش دەست پێبکەن و بۆ یەکەمجار باسی یەکسانیی جێندەریی بکەن و ناڕەزایی دژی توندوتیژیی پیاوسالاری دەربڕن. لەوانەیە لە سەرەتادا بەهۆی تایبەتمەندیی دەوڵەتی عێراق و بارستایی پیاوسالاری و سیستەمی خێڵ و عەشیرەتگەریی لە سیاسەتی کوردی دا، ئەم خەباتە بە شێوەیەکی شەرمنانە ئاراستە کرابێت. هەروەها لەبەر نەبوونی سیاسەتێکی یەکگرتووی کوردی کە تاکە هیوایە بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی، ئافرەتان لە نێوان خۆیان دابەشبوون و ستراتیجێکی هاوبەشیان نەبووە.

پێداویستیەکانی سـەردەم پێویستیان بە ستراتیج و شێوازی نوێی خەبات هەیە بە میتۆدی زانستی/ئەکادیمی و ئینتەرسێکشنال. ئەگەر خەبات و بەرخودانی ئافرەتانی کوردستان بە پلەی یەکەم دژی داگیرکەرانی کوردستان و تێکهەڵکێش بووبێت بە پرۆگرام و ئایدیۆلۆژیای حیزبە کوردییەکان بە ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەیی، ئـەوە داهـاتـوو پێویستی بـە شۆڕشێکی فێمینیستانە هـەیـە، بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی بوێرانەی سیستەمی پیاوسالاری بە ئامانجی دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵگە و پەیوەندییەکی هاوسەنگ و جوان لە نێوان ژن و پیاو. شۆڕشێکی فێمینیستی لەمجۆرەش پێویستی بە ستراتیجێکی هاوبەش و کاریگەر و فرەڕەهەند هەیە دژی هەموو نۆرمە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانی کە ئەقڵیەتی پیاوسالاری بەرجەستە دەکەن.

ئەمجۆرە ستراتیجە دەبێت مافەکانی ژن وەک مافە ڕەواکانی مـرۆڤ بخاتە نـاو ئەجێندای کـار و سیاسەتەوە، سڵنەکاتەوە لە ڕۆشنایی خستنەسەر گرفت و کێشەکان بە میتۆد و ڕوانینێکی جێندەریی کە هەموو جـۆرە ڕەفتار و ئاکارێکی نـاڕەوای وەک سێکسیزم و جیاکاریی و هـەڵاواردن ڕەت بکاتەوە، جا چ لە دژی دەسەڵاتی مەرکەزی، چ لە دژی حیزب و خێڵ و بونیادە کۆمەڵایەتییە نێرسالارییەکان بێت. مافی ژن بەشێکی جەوهەری و دانەبڕاوە لە مافەکانی مرۆڤ و کارکردن بۆ ئازادیی تاک و ڕزگاریی ژن لەناو کۆمەڵگە پیاویش ئازاد دەکات. ئەم خەباتە ناکرێت دوا بخرێت بۆ دوای ڕزگاریی و سەربەخۆیی نەتەوەیی.

لە کۆتاییدا، تایبەتمەندێتی جیۆپۆلێتیکیی کـورد و بونیادی کۆمەڵایەتی وایان کردووە کە لە باسی ئافرەتی کورد و نووسینەوەی مێژوودا، پێداگریی زۆر لە سەر ڕۆڵی گرنگی ژنانی پێشمەرگە و گەریلا و شەهید و خەباتی چەکداری کراوە تا ڕادەی ستایش

و بە ئەفسانەکردنیان. ئەمە لەوانەیە ختوکەمان بدات و سۆز و هەستی کوردی بوروژێنێت، بەڵام لە ناواخندا پێویستی بە ڕەخنە هەیە، بۆیە ئێمە هەوڵمان داوە بە میتۆدێکی جیاواز مێژووی ئافرەتانی کوردستان بنووسینەوە و ڕاڤەی بکەین. بۆیە ڕەخنەمان لە پێداگریی زۆر لە سەر ڕۆڵی ژنی کورد وەک پێشمەرگە و گەریلا و «ئەمازۆن/شەڕڤان» گرتووە، چونکە ئەم پێداگرییە وەک ئەوە وایە چەک خاسیەتی سەرەکیی جەوهەر و سروشتی مرۆڤی کورد بێت، بەجۆرێک کە نەتوانێت وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و دوور لە چەک و پێکدادانی سەربازیی گەشە بکات.

ئەگەرچی داگیرکاریی و جەنگ و توندوتیژییەکان بەردەوامن، بەڵام زۆربەی ئافرەتانی کورد لە ڕۆژاڤاوە تا باشور، لە ڕۆژهەڵاتەوە تا باکور، ئەمڕۆ جێگەی هیوان و هۆشیارییەکی جێندەریی نوێیان هەیە نەک هەر دژی چەوساندنەوەکان، بەڵکو دژی ئەو گوتارە سیاسیی و ڕۆشنبیریی و نەتەوەییەی کە لە ئەنجامی ئەم چەوساندنەوانە بەرهەم دێت و بەجۆرێکی ناڕەوا وێنایان دەکات. ئەم هۆشیارییە کاتێ کاریگەر دەبێت ئەگەر: یەکەم، فەزای ئازادی و سەربەخۆیی تاک فراوانتر بکرێت. دووەم، هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەک ڕەت بکاتەوە. سێیەم، چەمکی دەسەڵاتزاڵی و سەرداریی پیاو و نایەکسانییە هەمەجۆر و تێکچڕژاوەکان هەڵبوەشێنێتەوە و شیبکاتەوە. چوارەم، ئافرەتان هەماهەنگ و هاوکار بن و تەواوی ئەزموونی ژنان و تایبەتمەندییە سیاسیی و ئایینیی و چینایەتیی و بنەماڵەیی و جێندەرییەکانیان چ وەک میتۆد و چ وەک شرۆڤەی قووڵ لەبەرچاو بگرن. ئەمانەش وا دەخوازن کە تەواوی لایەنەکان بە میتۆدێکی نوێ و ئینتەرسێکشنالانە کاربکەن و سیاسەتێکی هەمەلایەنە بگرنە بەر کە تەواوی ئاڵۆزی و دژوارییەکانی واقیعی کورد و ژنانی کوردستان لەبەرچاو بگرێت. میتۆدێکی لەمجۆرە پێویستە پیاو وەک کاتیگۆرییەکی سەردار و

ناحەز نەبینێت، بەڵکو هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی چەمک و تێگەیشتن و پرۆسەی دروستبوونی»پیاوەتی» بدات و ڕۆڵی پیاوان لە کار و پڕۆژە و توێژینەوە جێندەرییەکان بە هەند وەربگرێت. هەروەها دەبێت بەچاوی ڕەخنەوە تەواوی ئەو ستراکتۆر و ئایدیۆلۆژیانە ڕاڤە بکات کە بەناوی دەوڵەت-نەتەوە و بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی و سەربەخۆیی و کۆنفیدراسیۆنی دیموکراسی و پڕۆژە نێرسالارییەکانەوە مرۆڤی کورد گۆش و دەستەمۆ دەکەن، ڕەخنە قبوڵ ناکەن و پرسی یەکسانی و ئازادیی تاکیش بەهەند وەرناگرن.